Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090415

# دۆزی کورد لە تورکیا (2002_ 2016 )

ئارازعلی عبدالرحمان محمد

پەیمانگای تەکنیکی دووکان // زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

ژیلوان عبدالله احمد

پەیمانگای تەکنیکی دووکان // زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

بەختیار خدر عبدالله رسول

کۆلێژی تەکنیکی ئینفۆرماتیک // زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

**پوختە**

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا و بە ناونیشانی (دۆزی کورد لە تورکیا لە نێوان ساڵانی 2002-_2016) باسی دەکەین، پوختەیەکە لەو سیاسەتەی تورکیا بەرامبەر بە کورد لەو پارچەیەدا و ئەو دانووستانانەی کە لەنێوان ئەکەپە و پارتی کرێکارانی کوردستان وەك ئاڵا هەڵگری پرسی کورد لە باکووری کوردستان، ئەم توێژینەوەیە لە چوار تەوەرە پێکهاتووە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

تەوەرەی یەکەم: دۆزی کورد لە دەروازەیەکی مێژوویدا، کە باسمان لە کورتەیەکی مێژوویی دۆزی کورد لە ساڵانی نەوەدەکان تاوەکوو پێش هاتنە سەرکاری ئاکەپە کردوە، لە پێناوی درێژ نەبوونەوەی باسەکەدا زۆر نەچووینەوە دواوە بۆ مێژووی دامەزراندنی تورکیا و تێڕوانین و سیاسەتیان بەرامبەر بە کورد.

تەوەرەی دووەم: پارتی دادو گەشەپێدان و پرسی کورد، لەم تەوەرەیەدا هەوڵماندداوە بە باس لە هاتنەسەر دەسەڵاتی ئەکەپە و دۆزی کورد بکەین.

تەوەرەی سێهەم: باسمان لەو دانووستانانە و ئەو هەوڵانە کردوە کە بۆ چارەسەی پرسی کورد ئەنجامدران، وە هەوڵمانداوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی باسی چۆنێتی هەوڵەکان و ڕۆڵی هەریەك لە ئۆجەلان و ئەوکەسانەش بکەین ڕۆڵیان هەبووە.

تەوەرەی چوارەم: لەم تەوەرەیەدا هەوڵمانداوە ئەو هۆکارانە ڕوون بکەینەوە کە بوونە مایەی شکستی دانووستانەکان و دەستپێکردنەوەی قۆناغێکی تری شەڕ و پێکدادان لە نێوان حکوومەتی تورکیا و پەکەکە.

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا تووشی چەند گرفتێکی زانستی بووین، ئەوەش خۆی لە نەبوونی سەرچاوەی پێویست و کەمی کات و هەستیاری دۆخی باکووری کوردستان و بەردەوام بوونی ئەو دۆخەی کە لە2016وە دەستی پێکردوە دەبینێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمانداوە بەگوێرەی پلانەکە هەندێك لە ڕووداوەکان ڕوون بکەینەوە و بەشێوەیەکی زانستیانە دایبڕێژینەوە.

لەکۆتاییشدا دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان کە لە کۆتاییدا ئاماژەی پێکراوە

*Article Info*

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

*Keywords*

پەکەکە، ئۆردوگان، ئۆسلۆ، کورد.

*Corresponding Author*

araz.ali.a@spu.edu.iq
zhelwanabdullah@gmail.com
Bakhtyar.khder@spu.edu.iq

## پێشەکی:

دروستبوونی کۆماری تورکیای نوێ و هاوچەرخ لەسەر داروپەردووی دەوڵەتی عوسمانی بوو، کە لە جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤_-١٩١٨)دا تێک شکاو خاکەکەی دابەش بوو بەسەر چەندین دەوڵەت و نەتەوەیی جیاواز، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەبوو کە دەوڵەتی عوسمانی لەسەر دەستی سێکوچکەی ئتیحادییەکان(ئەنوەر و جەمال و تەلعەت) پاڵیدایە پاڵ ئەڵمانەکان بە ئامانجی فراوانخوازی ڕووە و ناوچە تورکنیشینەکانی ئاسیاو بەدەست هێنانەوەی خاکە لەدەستچووەکانی کە لە سەدەی نۆزدەدا لە کیسی چووبوو، پێیان وابوو دەتوانن ئەو خاکانە بەدەست بهێننەوە، ئەوەبوو نەک نەیان توانی ئەو خاکانەی وەکوو میسر و لیبیبا و قوبرس بەدەست بهێننەوە بەڵکوو نیشتمانی عەرەبیشیان بە تەواوی لەدەست داو ئەوەی کە لە پاشماوەی جەنگەکە مابۆوە تەنها بەشێکی کەمی خاکی تورکیای ئەمڕۆ بوو، ئەوەی تری کەوتبوە ژێر دەسەڵاتی یۆنانییەکان و ئینگلیزی و فەڕەنسییەکان، ئەمەوجگەلەوەی لەڕووی سەربازیشەوە بەتەواوی تێکشکا بوو، لەناوخۆشیدا تووشی چەندین گیروگرفت ببوو، ئەم بارودۆخە وای لە هەندێک سەرکردەی ناسیۆنالیستی تورک کرد کە ئەم بارودۆخەیان پێ قبووڵ نەکرێ و هەوڵی سەندنەوەی خاکی لەدەست چوویان بدەن، یەکێک لەو کەسایەتییە سەربازییە ناسیۆنالیستانەی تورک کە خۆی ئەفسەر بوو لە نێو سووپای عوسمانییەکان (مستەفا کەمال)بوو، کە پاش ئەوەی لە لایەن فەرماندەی گشتی سووپاوە ڕەوانەی ئەنادۆڵ کرا وەک ئەفسەری پشکنەر، بەڵام لەوێ دەستی کرد بە کۆکردنەوەی فەیلەق و یەکە سەربازییە جۆراوجۆرەکان و هاندانیان بۆ ئەوەی بەرگری لە خاک و ئاوی لەدەست چوویان بکەن، بێگوومان مستەفا کەمال لەم هەوڵەیدا تەنیا نەبوو، بەڵکوو چەندین سەرکردە و کەسایەتی تر هاوکاری بوون، هەندێک لە سەرکردە خێڵەکییەکانی کوردیش بوونە پاڵپشت و هاوکاری و لە دوو کونگرەی سیواس و ئەرزەڕۆم لە ساڵی ١٩١٩ بەشدارییان کرد و پاڵیان دایە پاڵ سووپاکەی مستەفا کەمال، دوای چەندین سەرکەوتن و کێشمەکێش لەگەڵ دەسەڵاتی هاوپەیمانان توانی شەرعییەت بە دەسەڵاتەکەی بدات و لەڕەگەوە هەوڵی گۆڕینی پێکهاتە و بنەماکانی دەوڵەتی عوسمانی بدات، ئەم هەوڵەشی لەدوای گرتنە دەستی دەسەڵات و هەڵبژاردنی وەکوو یەکەمین سەرۆک کۆمار سەری گرت و ئامانجەکەی خۆی پێکا، دەسەڵاتدارانی دوای ئەویش تاوەکوو (ئۆزال) لە ١٩٩٢، بانگهێشتی سەرکردایەتی کوردی لە باشووری کوردستان دەکات بۆ کۆشکی کۆماری لە ئەنقەرە، بۆ خێراترکردنی پڕۆسەی ئاشتی، ئەم بانگهێشتە، دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ کورد. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣، تورکیا زنجیرەیەک تیرۆری سیاسی پێکەوەبەستراوی بەخۆیەوە بینی، کە بە تیرۆرکردنی ئۆزال کۆتاییهات، لەو کاتەوە تاوەکوو گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و هاتنە سەرکاری ئاکەپە، حکوومەتی تورکیا سیاسەتی نکوڵی کردن لە پرسی کورد و شەڕی سەربازی لەگەڵ پەکەکە گرتبوە خۆ.

هاتنەسەرکاری "حزبی داد و گەشەپێدان" (ئاکپارتی/ ئەکەپە) لە ساڵی 2002، بە خاڵێکی وەرچەخان لە مێژووی سیاسیی کۆماری تورکیا هەژمار دەکرێت؛ بەم پێیەی کە حزبێك لە دەرەوەی چوارچێوە و بنەما کەمالیستییەکان و دەسەڵاتی فەرمیی ناسراو و تەنانەت نائاشکرا (ئەوەی کە لە تورکیادا بە دەوڵەتی سێبەر یاخود دەوڵەتی قووڵ یاخود لە دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا دەناسرێت) دەسەڵات دەگرێتە دەست و بەردەوامیش دەبێت. پاشان کۆدەتای ناسەرکەوتووی 15ی جولای ساڵی (2016)، دەتوانێت درێژەپێدەری ئەم وەرچەرخانە یاخود تەواوکەری بێت بۆ هەنگاوی کۆتاییی گۆڕانکارییەکان؛ لەم ڕوانگەیەی کە ئەم حزبە، هەوڵەکانی خێراتر بوویەوە بۆ کۆنترۆڵی هەموو جومگەکانی دەسەڵات ولادانی بەربەستە یاسایی وسەربازییەکان بۆهە ژموونیی سیاسی و ئابووری بەسەر ئەو وڵاتەدا.

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا و بە ناونیشانی (دۆزی کورد لە تورکیا لە نێوان ساڵانی 2002-_2016) باسی دەکەین، پوختەیەکە لەو سیاسەتەی تورکیا بەرامبەر بە کورد لەو پارچەیەدا و ئەو دانووستانانەی کە لەنێوان ئەکەپە و پارتی کرێکارانی کوردستان وەك ئاڵا هەڵگری پرسی کورد لە باکووری کوردستان، ئەم توێژینەوەیە لە چوار تەوەرە پێکهاتووە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

تەوەرەی یەکەم: دۆزی کورد لە دەروازەیەکی مێژوویدا، کە باسمان لە کورتەیەکی مێژوویی دۆزی کورد لە ساڵانی نەوەدەکان تاوەکوو پێش هاتنە سەرکاری ئاکەپە کردوە، لە پێناوی درێژ نەبوونەوەی باسەکەدا زۆر نەچووینەوە دواوە بۆ مێژووی دامەزراندنی تورکیا و تێڕوانین و سیاسەتیان بەرامبەر بە کورد.

تەوەرەی دووهەم: پارتی دادو گەشەپێدان و پرسی کورد، لەم تەوەرەیەدا هەوڵمانداوە باس لە هاتنەسەر دەسەڵاتی ئەکەپە و دۆزی کورد بکەین.

تەوەرەی سێهەم: باسمان لەو دانووستانانە و ئەو هەوڵانە کردوە کە بۆ چارەسەی پرسی کورد ئەنجامدران، هەوڵمانداوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی باسی چۆنێتی هەوڵەکان و ڕۆڵی هەریەك لە ئۆجەلان و ئەوکەسانەش بکەین ڕۆڵیان هەبووە.

تەوەرەی چوارەم: لەم تەوەرەیەدا هەوڵمانداوە ئەو هۆکارانە ڕوون بکەینەوە کە بوونە مایەی شکستی دانووستانەکان و دەستپێکردنەوەی قۆناغێکی تری شەڕ و پێکدادان لە نێوان حکوومەتی تورکیا و پەکەکە.

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا تووشی چەند گرفتێکی زانستی بووین، ئەوەش خۆی لە نەبوونی سەرچاوەی پێویست و کەمی کات و هەستیاری دۆخی باکووری کوردستان و بەردەوام بوونی ئەو دۆخەی کە لە2016وە دەستی پێکردوە دەبینێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمانداوە بەگوێرەی پلانەکە هەندێك لە ڕووداوەکان ڕوون بکەینەوە و بەشێوەیەکی زانستیانە دایبڕێژینەوە.

لەکۆتاییشدا دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان کە لە کۆتاییدا ئاماژەی پێکراوە.

## تەوەرەی یەکەم

### دەروازەیەکی مێژوویی

پرسی کورد لە تورکیا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوود ا[1] ، لە ژێر گۆڕانکارییە دەرەکییەکانی وەکوو دووەمین جەنگی کەنداو و کۆڕەوی باشووری کوردستان لە ساڵی 1991 و بڕیاری 688ی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کورد، خۆی نواند[2]، لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا سەرهەڵدانی داواکاری سەربەخۆیی لە کۆمارەکانی پاشماوەی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵوەشاندنەوەی خودی یەکێتی سۆڤیەت، سەرهەڵدانی ئاسۆیەکی ڕوون لە ململانێی عەرەب-ئیسرائیل، هەروەها بڵاوکردنەوەی گەڵاڵە نامەی تایبەت بە کەمینەکان لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپاوە، دەرکەوت، هەموو ئەمانە فاکتەری دەرەکی بوون بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە تورکیا، لەناوخۆشدا ناشتنی تەرمی گەریلاکانی پەکەکە بە شێوازی مەراسیمی ناڕەزایی، هێندەی تر کێشەی کوردی لەناوخۆی تورکیادا خستە بەرچاو.[3]

کێشەی کورد لە تورکیادا، لە ژێر کاریگەری ئەم گۆڕانکارییانەدا و لە سایەی بیری لیبراڵی(تورگوت ئۆزال[4])دا هەنگاوی گەورەی هەڵهێنا و دەرگای چارەسەری پرسی کورد لە لایەن لایەنە جیاوازەکانەوە دەستی پێکرد، ئەوەبوو لە(1991/4/12) ڕێگە بەبەکارهێنانی زمانی کوردی درا، بەڕەتکردنەوەی یاسای ژمارە(2932)ی ساڵی 1983، کە جگە لە زمانی تورکی هەموو زمانێکی تر قەدەغە دەکات، ئەمە هەنگاوێکی گەورە بوو لە تورکیا بۆ کێشەی کورد، لێرەوە دەرگای چارەسەرکردنی کێشەی کورد کرایەوە و گفتوگۆ لەم بارەیەوە لە لایەن لایەنە جیاوازەکانەوە دەستی پێکرد، ئۆزال ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ ئەوەی کوردەکان بەشێوەیەکی دیموکراتی لە وڵاتەکەیدا بەشداری پێ بکات،[5]

بۆ یەکەمجار بە ئاشکرا پرسی کورد بوە مایەی گرنگی پێدانی ڕای گشتی تورکی، لە نیسانی 1990و لەمیانەی کۆبوونەوەیەك کە ئۆزال و رابیتەی پیاوانی پیشەسازی و پیاوانی کاری تورکی لەخۆ گرتبوو، ئۆزال گوتی: ( حکوومەت بەڕاستی لە دۆزینەوەی نموونەیەکی نوێی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دوور لە ڕێوشوێنی پۆلیسی دەکۆڵێتەوە، لەهەمان ساڵیشدا پارتی دیموکراتی ئۆپۆزسیۆن قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی بە ڕێوشوێنێکی وەحشیگەری وەسف کرد، لە(13تشرینی یەکەمی1991)

[1] بۆ زیاتر لەسەر تێڕوانینی دەسەڵاتدارانی تورك لە نەوەدەکان بڕوانە: هاوکار محێدین جەلیل: دۆزی کورد لە تورکیا لە ساڵانی(1980-1999)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمایی کوردی، هەولێر، 2012، ل169و دواتر.

[2] بڕوانە: هێرش عەبدوڵلا حەمە کەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و تورکیا و سووریا1991-2003، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە، چاپخانەی تاران، 2013، ل159.

[3] بیار سیف الدین: کێشەی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا-تورکیا، وەرگێڕانی: سەرمەد ئەحمەد، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، 2009، ل١٩٦،١٩٧.

[4] **خەلیل تورگوت ئۆزال** (Halil Turgut Özal) تورکی :لە ساڵی ١٩٢٧ لە شاری مەلەتی لە دایک بووە و لە ١٩٩٣ لە ئەنقەرە بە هۆکارێکی نادیار کۆچی دوایی کردووە، یەکێکە لەسەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرە ناودارەکانی تورکیا، باوکی لە ئەسڵدا هی شاری «چەرمووک» ی سەر بە مەلەتیە و دایکیشی خەلکی دێرسیم بوو. کوڕێکی بە ناوی «ئەحمەد ئۆزال» بووبە ئەندام لە پەرلەمانی تورکیا ساڵی ١٩٩٩.( لە ویکبیدیا)وە وەرگیراوە.

ئۆزال سەردانی هەکاری کرد و دانی بەوەدا نا کە کورد لە تورکیا هەیە، و پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێت.[6]

لە تورکیا پەرەسەندنێکی گەورە ڕوویدا و بوارەکانی پرسی کوردی ساڵی1993ی گۆڕی، پەکەکە لە(1993/3/17) ئاگربەستی یەکلایەنەی لە(1993/3/21) تا (1993/4/15) ڕاگەیاند .[7] ئەو بەڵگەنامەیەی کە ئۆجەلان بە جەلال تاڵەبانی دا کەڕێبەرایەتی هەوڵەکانی میانگیری نێوان حکوومەتی تورکی و پەکەکە دەدا، هەندێك سازشی تێدا بوو، کە ئەگەر تورکەکان ویستیان هەنگاوێك بهاوێژن، ئێمە دە هەنگاو دەهاوێژین، ئەگەردەستپێشخەری لە بواری کاری سیاسی پێشکەش دەکەین.[8]

لەوکاتەی کە ئۆزال بۆماوی هەفتەیەك دەبوو هەوڵی دەدا کە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئەمنی نەتەوەیی سەرکردە سەربازی و مەدەنییەکان بە پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ پرسی کورد ڕازی بکات، لە (1993/4/17) مردنی لەناکاوی ئۆزال ڕاگەیەنرا، مردنی ئۆزال گورزێکی کوشندە بوو بە هەوڵەکانی ئاشتی لە تورکیا کەوت،[9]

مردنی ئۆزال بۆشاییەکی سیاسی وای دروستکرد زەحمەت بوو پڕ بکرێتەوە، دووبارە سیاسەت لە تورکیا دوای چەند هەفتەیەك لە بەستەڵۆکی، بە هاتنەسەرکاری سلێمان دێمێرێل[10] چوە بازنەیەکی بۆشەوە، لە ڕۆژە یەکەمینەکانی وەرگرتنی سەرۆکایەتی کۆماردا، دۆسیەی پرسی کورد کەوتە دەست عەسکەرەوە، لەوە بەدوا شەڕ و پێکدادان لەنێوان پەکەکە و تورکیا دەستی پێکردەوە، کە تیایدا هەردوولا ڕووبەڕووی زیانێکی گیانی زۆر بوونەوە، عەبدوڵلا ئۆجەلان لە کانوونی دووهەمی 1995 بۆجاری دوەم ئاگربەستی ڕاگەیاند بۆ ئەوەی هەلێك بە حکوومەتە نوێیەکەی (مەسعودی یەڵماز 1996/3/6تا 1996/6/28)بدات، بەڵام ئەو بانگهێشتە ڕەتکرایەوە.[11]

ئۆجەلان لە ئەیلوولی 1998 بۆ جاری سێهەم ئاگربەستی خستەڕوو، بەبێ ئەوەی تورکیا وەڵامی بداتەوە، لە مانگی تشرینی یەکەمی 1993 لەناکاو تورکیا (10)هەزار سەربازی لەسەر سنووری باکووری سووریا کۆکردەوە و داوای ڕادەستکردنەوە یان دەرکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلانی کرد ،[12] سەرەنجام ڕێککەوتنامەی (ئەدەنە)ی لە(1998/10/21 لەگەڵ

[5] هێرش عەبدوڵلا حەمە کەریم: س.پ ، ل159-160.

[6] بیار سیف الدین: کێشەی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا-تورکیا، ل199.

[7] المحادثات سرية بين PKKوالدولة الترکية، دار الشموس للدراسات و النشر والتوزيع، دمشق، 2000، ص12.

[8] بیار سیف الدین: س.پ ، ل210.

[9] بیار سیف الدین: س.پ، ل213-214.

[10] تەنانەت دێمێریل دەیگوت: ئێمە کێشەی کوردمان نییە، بەڵکوو کێشەی تیرۆرمان هەیە،...)، بڕوانە: المسألة في ترکية الامل و الخيبات، مجلة شؤون ترکية، مرکز دراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، العدد(8)، ص30.

[11] بیار سیف الدین: س.پ ، ل223.

[12] بۆ زیاتر بڕوانە: خليل على مراد: العلاقات السورية-الترکية في ضوء ازمة اوجلان، تشرين الاول/ اوكتوبر1998، في مجلة اوراق ترکية معاصرة، العدد(16)، مرکز الدراسات الترکية، جامعة الموصل، ربيع 2001، ص71.

تورکیا واژۆکرد، بەو پێیە سووریا بەڵێنی دا تەواوی سەربازگەی پەکەکە لە خاکەکەی دابخات و ڕێگەی نەدات خاکەکەی بەکاربهێنرێت بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا، زیاتر لەوە سەرکردەکانی دەربکات، هەر لەم ڕێککەوتنەدا سووریا پەکەکەی وەک ڕیکخراوێکی تیرۆریستی ناشەرعی سەلماند.[1] دوای هەماهەنگییەکی تەواو لە نێوان ژەنەراڵەکانی تورکیا و ئەمریکا و ئیسرائیل و دوای ئەوەی ئۆجەلان بەگوێرەی ڕێککەوتنی ئەدەنە لە سووریا دەرچوو و بەرەو ڕووسیا بەڕێکەوت و دواتر بۆ ڕۆما کە لەوێ لە تشرینی دوەمی 1998 دەستگیرکرا، دوای ئازاد کردنی ڕایگەیاند کە ئامادەیە چالاکییە سەربازییەکان بوەستێنێت و لە بەرامبەر دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانەی پرسی کورد، دواتر ئۆجەلان ڕۆمای بە فڕۆکەیەکی ئەمنی ئیتالی بەرەو ڕووسیا لەسەر داوای خۆی بەجێهێشت، لەوێ بەرەو شوێنێکی ڕانەگەیەنراو چوو، بۆ ئەسینا، لەوێش بەفشارێکی زۆری ئەمریکی دەرکرا، لەوێش بۆ نایرۆبی، کە بنکەی هەواڵگری ئەمریکایە لە ئەفریقیا، لە(1999/2/15) لە ڕێگای فڕۆکەخانەی نایرۆبی بەرەو ئەفریقیا ڕفێنرا و ڕادەستی هێزە تایبەتییەکانی تورکیا کرا، ئەویش لە دوورگەی ئمیرالی لە دەریای ئیجە لە بەندیخانەی تاکەکەسی، دەستبەسەری کرد.[2]

## تەوەرەی دووهەم: پارتی دادو گەشەپێدان و پرسی کورد

بەردەوامبوونی کورد وەکوو نەتەوەیەکی جیاواز، خاوەن شوناس و فەرهەنگ و زمانێکی جیاواز لە تورکیا نکوڵی لێکراوە، هەر کوردێکیش کوردی وەکوو گەلێکی جیا لە تورك باس کرد بێت، دووچاری گرتن و سزای تووند بۆتەوە، قسەکردن و خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە بوو، تەنانەت ناونانی منداڵ بە ناوێکی کوردی قەدەغەیە، لە ساڵی (2002)بەپێی ڕاپۆرتی فیدراسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا باس لەوە دەکات(76) دایك و باوك بانگهێشتی دادگا کراون لەسەر ئەوەی ناوی کوردیان لە منداڵەکانیان ناوە[3]، ئەم دۆخە وردە وردە لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە گۆڕانی بەسەردا هات، ناوبەناو سەرکردە باڵاکانی وڵات باسی بوونی کوردیان کردوە، وەکوو نەتەوەیەکی جیاواز یان وەکوو کەیسێك کە پێویستی بە چارەسەرکردنە،.[4]

بۆیەکەم جار (سلێمان دیمیریل) سەرۆککۆماری تورکیا دانی بەبوونی کورددا نا، مێژووی دانووستانەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (تورگوت ئۆزال).[5]

کە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو گرینگترین هەوڵ و جدیترین هەنگاوی نا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد وگفتوگۆیەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان پەکەکە و دەوڵەتدا هاتە ئاراوە.[6]

لەژێر سایەی ئەو گۆڕانکارییانەدا( لەدوای کودەتای ساڵی1997) کە توونديیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی لە نێوان ئیسلامییەکان و سیستەمە سیکۆلاریزمیەکەدا بە سەرۆکایەتی دامەزراوەی سەربازیی، ئیسلامییەکان تۆمەتبارکران بە هەوڵدان بۆ گۆڕینی سروشتی سیستەمەکە و بە ئیسلامیی کردنی دامەزراوەکانی و کودەتا بەسەر فەلسەفەی کەمالیزمدا، لە ئابی ساڵی(2001) ڕەجەب تەیب ئۆردوگا ن[7] سەرۆکی پێشووی شارەوانیی ئەستانبوڵ داوای مۆلەتی بۆ پارتەکەی کرد بە نێوی پارتی (دادو گەشەپێدا ن[8] )، دەستەی دامەزرێنەرانی سیازدە ژنی لەخۆ دەگرت کە چواریان باڵاپۆش بوون، لەنێویشیاندا گۆرانبێژو ئەکتەر و دکتۆر و مامۆستا هەبوون، سەرباری چەندین کەسایەتی پارتی فەزیلەت کەپێشتر کاری سیاسییان لێ قەدەغەکرا بوو، لەگەڵ بڕێکی تر لە پارتە ناسیۆنالیست و سیکیولارەکان، دروشمی کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دادو گەشەپێدان لە (14ئابی 2001) لەژێر ئەم ناونیشانەدا بوو (کارکردن لەپێناو تورکیا و کەمەندکێشکردنی چین و توێژەکانی تورکیا)، و بەبەرنامەیەکی سیاسییەوە، خۆی ڕاگەیاند.[9]

دوای هاتنە سەرکاری حوکمی پارتی دادوگەشەپێدا ن[10] لە ئەنجامی هەڵبژاردنی(3تشرینی دوەمی 2002 )[11] بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی ناوخۆیی

---

[1] هێرش عەبدوڵلا حەمەکەریم: س.پ ، ل224.

[2] بۆ زیاتر بڕوانە: بریتا بۆلەر: نهێنییەکانی دەستگیرکردنی ئۆجەلان (گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك)، وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: ڕێکەوت ئیسماعیل، چاپی چوارەم، چاپخانەی حەمدی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا، سلێمانی، 2018.

[3] شەمێران سلێمان: تورکیا ئیسلامی سیاسی و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەل پرسی کورددا، چ1، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2019، ل74.

[4] هەمان سەرچاوە، ل75.

[5] خلاصه من بحث محمد نورالدين الاقليات في تركيا في ظل حزب العدالة و التنمية، يوليو2012، ايست اونلاين.

[6] بۆ زیاتر بڕوانە: هاوکار محێدین جەلیل: سەرچاوەی پێشوو، ل160-161.

[7] لە(26ی شوباتی 1954) لە شاری ئەستانبوول لە دایك بوە، خوێندنی سەرەتایی لە خویندنگەیەکی ئایینی تەواو کردوە و پاشان بڕوانامەی لە کۆلێجی ئابووری و بازرگانی زانکۆی مەرمەڕەی ئیستانبوول بەدەست هینا و کەوتە کارکردن لە بواری بازرگانی، ژنی هێناوە و چوار منداڵی هەیە، ساڵی 1994 بۆتە سەرۆك شارەوانی ئەستانبووڵ، لە ڕووی سیاسییشەوە ئۆردوگان لە ساڵی 1985 لە حیزبی ڕەفادا کاری کردوە و هەر لەسەر لیستی پارتی ڕەفاش بوو بوە سەرۆکی شارەوانی ئەستانبووڵ و لەساڵی 2002 پارتی دادو گەشەپێدانی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا دروست کرد، ئێستاش سەرۆك کۆماری تورکیایە. بۆ زیاتر لەسەر ژیانی ئۆردوگان بڕوانە: ( حەسەن محەمەد فەرحان: کورتەیەك دەربارەی ژیاننامەی ڕەجەب تەیب ئۆردوگان، گۆڤاری( دۆسێی تورکیا)، ژمارە(2)، ئەیلوول 2005، ل110-113. /https://www.tccb.gov.tr/ar/receptayyiperdogan/biography ؛ محەمەد فاتح: پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا (1923-2003)، چ1، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2016، ل388-389.

[8] بۆ زیاتر لەسەر مێژووی ئەم پارتە و بەرنامە سیاسییەکەی بڕوانە: محەمەد فاتیح: سەرچاوەی پێشوو، ل245-250.

[9] بڕوانە: دکتۆر سەعد عەبدولعەزیز مسلط: پڕۆژەی سیاسی پارتی داد و گەشەپێدان لە تورکیا، لە کتێبی( گەشەپێدانی تەوژمی ئیسلامیی سیاسی لە تورکیا 1946-2012)، وەرگێڕانی: بەرزانی مەلاتەها، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، 2013، ل228-229.

[10] لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە تورکیادا کەلە (3تشرینی دوەمی 202) ئەنجام درا، کە دەیکردە (18)مانگ پێش کاتی دیاری کراوی خۆی، ئەکەپە (34,29%) دەنگەکانی بەدەست هێنا، کە بەژمارەی کورسی دەیکردە، (363) کورسی لە کۆی(550)کورسی پەرلەمانی، ئەمەش وایکرد حیزبەکە بەتەناها بتوانێت حکوومەت پێك بهێنێت. بڕوانە: د.عثمان على : حزب العدالة والتنمية في تركيا و المسألة الكوردية، ط1، اربيل، 2013، ص179.

11 د.ناجى محمد عبدالله و نهاية حامد عطار: تركيا و مكانتها الشرقية قراءة في الاداء على المتوى الداخلي، مجلة جامعة تكريت، كلية العلوم السياسية، 2018، ص186.

تورکیا بە تایبەتی دوای کابینەی دوەمی حکوومەتەکەی ئاك پارتی لە(2007) و بەهێزبوونی کورد لەشار و شاخ، تورکیا جارێکی تر گەیشت بەوبڕوایەی کەوا ناتوانێت ڕێگە لە فشاری ناوخۆیی کورد بگرێت[1] و ناشتوانێت بەهیچ جۆرێك لە ڕێگەی سەربازییەوە شکست بە پەکەکە بهێنێت و نکوڵیکردن لە کورد بوە بە مێژوو، چونکە کورد بوە بەژمارەیەکی بەهێز لە ناوچەکە و دەبێت لە نەخشەی سیاسەتی داهاتوودا هێندەی قورسایی خۆی حسابی بۆ بکرێت، بۆیە گەیشتن بەوبڕوایەی دەبێت ئەم کێشە گەورەیەی تورکیا کە بەدرێژایی دروست بوونی هەیبوە و بەردەوام زەقتر بۆتەوە، چارەسەر بکرێت و مافی سیاسی و کولتووری و هونەری و نەتەوەیی کورد بدرێت، بۆ ئەوەی چیتر نەبێتە ڕێگر لە بەردەم بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپادا لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە نەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئاسایشی گشتیی وڵات و پێشکەوتنی ئابووری بەتایبەتی، چونکە بەپێی هەندێك ڕاپۆرت ساڵانە تورکیا(10)ملیار دۆلاری لە شەڕی پەکەکە خەرج کردوە.[2]

واتە دادو گەشەپێدان لە ڕوانگەی بڕوابوونی بە کێشەی کورد ئەمەی نەکرد، بەڵکوو ویستی لەو ڕێگەیەوە دەنگێکی زۆرتری کورد بۆخۆی مسۆگەر بکات، [3].

**یەکەم: دانووستانەکانی ئۆسلۆ**

درێژترین گەڕی دانووستانەکان کە بەنهێنی و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەنقەرە و پەکەکە بەڕێوەچوو لە (ئۆسلۆ)ی پایتەختی نەرویج بوو، کە لەساڵی 2009هوە تا تەمووزی 2011ی خایاند، زانیارییەکان بە ئێستاشەوە دەربارەی کۆبوونەوەکانی نێوان پەکەکە و ئەنقەرە کە بەدانووستانەکانی ئۆسلۆ ناوی دەرکردوە، زۆر کەمن، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە هەوڵ دراوە گفتوگۆکان زۆر بەنهێنی بەڕێوەبچن، لەو بارەیەوە (موراد قەرەیلان) لە( 2011/7/6) ئاشکرای کرد کەبە چاودێریی ڕێکخراوێکی شارستانیی(مەدەنی) نێودەوڵەتی کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەبوە.[4]

ئەو وڵاتە یان ئەو ڕێکخراوە وەکوو لایەنی سێهەمی نێوان پەکەکە و ئەنقەرە کێ بوو، بە ئێستاشەوە لێدوانی فەرمی چ لە لایەن ئەنقەرە چ لە لایەن پەکەکەوە نییە، بەڵام (خەتیب دیجلە) هاوسەرۆکی کۆنگرەی جڤاتی دیموکراتی(کەجەدە) لە ناوەڕاستی کانوونی دوەمی 2017 ڕایگەیاند، بەریتانیا چاودێری دانووستانەکانی ئۆسلۆی کردوە.[5]

لە (2011/9/13) لە ڕاگەیاندنەکانی بزاڤی خزمەت و تورکیا تۆمارێکی دەنگی نهێنی بڵاوکرایەوە، بەپێی ئەو تۆمارە جێگری سەرۆکی هەواڵگری و ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیران بەوە تۆمەتبار کران لەگەڵ بەرپرسانی پەکەکە لە ئۆسلۆ کۆبوونەتەوە. بڵاوبوونەوەی ئەو تۆمارە دەنگییە زیانێکی زۆری گەیاندە پرۆسەکە، حکوومەت بەوە تۆمەتبارکرا لەگەڵ پەکەکە دانووستانی کردوە، کەسی ساڵە شەڕی لەگەڵ دەکات.[6]

دەسەڵاتدارانی تورکیا بڵاوبوونەوەی ئەو تۆمارە دەنگییەیان خستەپاڵ پارتی کرێکارانی کوردستان لە بەرامبەریشدا لە(28ی ئەیلوولی 2012)دا کۆما جڤاکێن کوردستان(کەجەکە) وەڵامی ئەو بانگەشەیەی ئۆردۆغانیشی دایەوە کە دەیگوت لایەنی (کەجەکە) پابەند نەبوون بە خاڵە سەرەکییەکانی دیدارەکانی ئۆسلۆ و بەنهێنی هێشتنەوەی دیدارەکان لەوبارەیەوە کەجەکە ڕایگەیاند: دزەکردنی دیدارەکانی ئۆسلۆ ئەنجامی شەڕی دەسەڵاتی نێو دەوڵەتە، گوتیشی: سەرۆك وەزیری دەوڵەتی تورکیا لەم بابەتە و زۆر بابەتی تردا ئاوەژووکردنەوەی وەك شێوازێك پەیڕەو دەکات، لێدوانەکەی سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی تورك کە دەڵێت زانیاریمان لەسەر دیدارەکانی ئۆسلۆ دزە پێ کردوە بەتەواوی درۆیە، هەر لەو بارەیەوە جەمیل بایك ئاماژەی بەوەدا( لەسەرەتادا وامان دەزانی ئیسرائیل تۆمارەکەی بلاوکردۆتەوە، بەڵام دەرکەوت گولەنییەکان (جەماعەتی فەتحوڵلا گولەن) و هەواڵگری ئاسایش تۆمارەکەیان دەست کەوتوە).[7]

هاکان فیدان ڕاوێژکاری دەزگای هەواڵگریی تورکیا(میت) بە فەرمانی سەرۆك وەزیر( ڕەجەب تەیب ئۆردوگان) و بە سیفەتی (نوێنەری تایبەت) بەشداریی چاوپێکەوتنەکان بوە، ڕاوێژکاری یاریدەدەری میت (ئافەت گونەش)، لایەنی تورکی بوون لە گفتۆگاکاندا، لە لایەن کوردەکانیشەوە (مستەفا قەرەسوو، سەبری ئۆك و زوبەیر ئایدار)لەو ناوانەن بەشداریی کۆبوونەوەکان بوون.

(زوبەیر ئایدار) ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتیی کەجەکە، کەبەشداری کۆبوونەوەی نێوان نوێنەرانی میت و پەکەکە لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج بوە، لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بی بی سی تورکیدا کەلەسایتی (ڕۆژنیوز) لە (24ی دیسەمبەری 2012)بەشێوەی سۆرانی وەرگێڕانەکەی بڵاوکردەوە، پێشێلکارییەکانی حکوومەتی تورکیا لە ماوەی بەڕێوەچوونی دانووستانەکانی ئۆسلۆ بەڕوونی باس دەکات و ئاماژەی بەوەداوە کە ساڵی 2009 قۆناغێك بوو، دانووستانەکانی ئۆسلۆ بەخێرایی پێشکەوتن، ئەوان لە پێڤاژۆی بێ

---

[1] لە(18ئاداری 2003) ئەردۆگان بەرنامەی حکوومەتەکەی پێشـکەش کرد، کە لەسـەر ئاسـتی سـیاسی چەندین تێڕوانینی لەخۆدەگرت، کە گرنگترینیان باشـکردنی ئاسـتی ژیانی کوردان و بەرفراوانکردنی سـەقفی ئازادییەکانیان و ڕێگەدان بە فێربوونی زمانی کوردی و کردنەوەی قوتابخانەی کوردیی و تەرخانکردنی نیو سـەعات بۆ بەرنامە کوردییەکان لە تەلەفیزیۆنی(TRT) و بەردانی ئەندام پەرلەمانی کوردیی لەیلا زانا و سـیان لە هاوەڵەکانی..).
دکتۆر سـەعد عەبدولعەزیز مسـلط: پڕۆژەی سـیاسـی پارتی داد و گەشـەپێدان لە تورکیا، ل242-243.

[2] على سـلمان صـايل: الابعاد الاقليمية والدولية للازمة العراقية التركية بعد عام 2003، جامعة النهرين، كلية العلوم السياسية، 2010، ص10-11.

[3] خـەڵـەف غـەفوور: دۆزی کورد لـە تورکیـای ئـەتـاتورکـەوە بۆ تورکیـای ئـەردۆگان، ئـایـدیـا دیپۆلۆماتیك( گۆڤار)، ژمارە(1)، حوزەیرانی، 2013، ل102-104.

[4] هـوشــــەنـگ اوســی: الصـــراع الـكـردي-الـتركي بـين حـل الســلـمي وتـجـدد دوره العنف،(23يناير2013)، دراسات العربية.

[5] وەرگیراوە لە پێگەی www.sputniknews.com لە (2017/1/15).

[6] شەمێران سلێمان: تورکیا ئیسلامی سیاسی و چۆنێتی مامەڵەکردن، ل83-84.

[7] شەمێران سلێمان، س.ب، ل85.

چالاکییدابوون کە خەڵك لەسەر دۆزی کەجەکە گیران و پێی وایە ئەم ڕووداوە یەکەم زەبر بوو لە قۆناغەکە کەوت.[1]

ئایدار بەو گرووپی ئاشتی پەکەکە کە 19ی ئۆکتۆبەری 2009 لە دەروازەی سنووری خاپورەوە چوونە ناو تورکیا، ڕای گەیاندوە( لە سەر پەیمانی خۆیان نەمانەوە، گرووپەکانی ئاشتی تاقیکرانەوە، ئێمە بەڕێمان کردن، بڕیار بوو کەس دادگایی نەکرێت و نەگیرێت، ئەو کەسانەی لەناو گرووپەکەدا بوون، ئێستا لە سووچی گرتووخانەن، دەوڵەت بەڵێنی دا هیچیان بەسەر نەیەت، بەڵام بەڵێنەکەی هەر ئەوەندە بڕی کرد).[2]

موراد قەرەیلان ئەو کاتە سەرۆکی کۆنسەی کۆما جڤاکێن کوردستان( کەجەکە) بوو، لە چاوپێکەوتنێکدا دەربارەی گرووپی ئاشتی ئاشکرای کرد( دانووستانەکانی ئۆسلۆ گفتوگۆی جدی بوون بۆ چارەسەرێکی هەمیشەیی، ئێستا باش نییە و گونجاو نییە مرۆڤ هەموو گفتوگۆکان ئاشکرا بکات، بەڵام بەڕاستی بۆ چارەسەری هەم لە ئیمرالی و هەم لە ئۆسلۆ دانووستاندن هەبوو، مەسەلەی چوونی دوو گرووپەکەی ئاشتی شتێکی نێو ئەو چوارچێوەیە بوو، تەنانەت پێشنیاری خودی ئۆردوگان بوو، بۆ ئەوە شاندێکی ناردبوە لای سەرۆکی ئێمە لە ئیمرالی، هەروەها هەمان پەیامیشی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان(مەسعوود بارزانی) نارد بوو، لەو هەردوو شوێنەشەوە پەیامەکە گەیشتە ئێمە، ئەو کات ئیمەش گفتوگۆیەکمان لە نێوان خۆماندا کرد و بڕیارماندا دوو گرووپ بنێرینەوە، بەوشێوەیە ئەو گرووپە کەوتنە ڕۆژەڤەوە، واتە لەسەر داوای ئۆردوگان بوو، ئەوکاتە پرۆسەکە بەرەو چەقین و کۆتاییهاتن بوو، بۆ ئەوەی ڕێگە لەبەردەم پرۆسەی چارەسەر ببێتەوە، ئێمە هەنگاوەکەمان بە گونجاو بینی، ئۆردوگان بۆ ئەوەی زیاتر دەستی بەهێز ببێت، ئەو داوایەی کرد).[3]

هەرچەندە پارتی دادو گەشەپێدان سوودی زۆری حیزبی بینی لەو ئاگربەستە و ڕێککەوتنە کاتییانەی کەوا لەگەڵ پەکەکە هەیبوو، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە کێشەی کورد لە باکوور وەکوو کێشەی نەتەوە بناسێنێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات، چونکە کێشەی کورد کێشەی ناسنامەیە هەربۆیە نەبوونی بڕوای تەواو بە کێشەی ناسنامەی نەتەوەیەك و پێویستی بوونی دانىان بەو کێشەیە و مامەڵە کردن لەگەڵ بابەتەکە بەوشێوە و قەبارەی کە بوونی هەیە ئاسۆکانی چارەسەری زیاتر و زیاتر دوور خستۆتەوە، بەهەمان ڕێگای حکوومەتەکانی ڕابردوو هەنگاوی ناوە، بەڵام بە تاکتیکی جیاواز.

دووهەم: دانووستانەکانی ئیمرالی

دوای شکستهێنانی کۆبوونەوەکان لە چوارچێوەی دانووستانی ئۆسلۆ، لە حوزەیرانی (2012)دا (بەشیر ئاتالای) جێگری سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی حکوومەتی تورکیا لە چاوپێکەتنێکی لەگەڵ (سی ئێن ئێن تورك) ڕایگەیاند: (چەکدانانی پەکەکە لە ڕۆژەڤدایە و لەناو کاروبارێکی فرە لایەنین لەسەر پەکەکە)، ، هەروەها پاش شکاندنی مانگرتنی بێ وادەی زیندانییانی سیاسیی کورد لە زیندانەکانی دەوڵەتی تورکیادا بە فەرمانی ئۆجەلان جارێکی تر هەلێکی تر دروست بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانە، بە نوێنەرایەتیی دەوڵەتی تورکیا نەك حکوومەتی تورکیا، کە ئەوەش ڕەوایی زیاتر دەبەخشێت بە پرۆسەکە، هاکان فیدان سەرۆکی دەزگای هەواڵگری تورکیا(میت) لە (16ی کانوونی یەکەمی 2012) سەردانی ئۆجەلانی کرد لە زیندانی ئیمرالی، بەوەیش گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عەبدوڵلا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان دەستی پێکردەوە، ئەوەیش بۆ یەکەمجار بووکەوا حکوومەتی تورکیا ڕازی بوە بەوەی وەکوو نوێنەری ملیۆنان کوردی باکوور لەگەڵ ئۆجەلان گفتوگۆ بکات،[4]

گەڕی دووەمی دانووستانەکانی ئەمجارەی نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا، چەندین فاکتەری لەپشتەوە بوو:

یەکەم/ مانگرتنی زیندانییانی سیاسیی کورد: لە (12ی ئەیلوولی 2012) لە (58) گرتووخانەی تورکیا(700) زیندانیی سیاسی کورد بە تۆمەتی پەیوەندییان بە پەکەکە و چالاکیی سیاسییەوە زیندانی کرابوون، بۆ کۆتاییهێنان بە گۆشەگیریی سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان( تا12ی ئەیلوول (415) ڕۆژ بوو هیچ هەواڵێك نەبوو) و باشکردنی ڕەوشی تەندرووستی و کۆتاییهێنان بە گوشارەکانی سەر زمانی کوردی و مافە دیموکراتییەکانی گەلی کورد، دەستیان کرد بە مانگرتنی بێوادە، لەناو مانگرتوەکاندا ژمارەیەك لە بەرپرسانی پارتی ئاشتی و دیموکراتیی(بەدەپە) و (30) سەرۆك شارەوانی و(5) پەرلەمانتار و (56) ئەندامی ئەنجوومەنی بەدەپە هەبوون، دواتر مانگرتنەکە فراوان بوو، هەموو زیندانییانی سیاسیی کورد کە بە(10) هەزار دەخەمڵێنران، دەستیان بە مانگرتنەکە کرد، بەڵام سەرەتا بە (700) زیندانیی سیاسی دەستی پێکرد.[5]

مانگرتنی زیندانییان لە خواردن تا درێژەی دەکێشا دەنگدانەوەی زیاتر و فشاری زیاتری لەسەر حکوومەتەکەی ئاکەپە دروست دەکرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی دۆخی تەندرووستی مانگرتووان بەرەو خراپی دەچوو، نزیك دەبوونەوە لە مردن.[6]

پارتی ئاشتی و دیموکراسیی(BDP) بۆ پشتیوانی لە داواکانی گەلی کورد و مانگرتووان و وەکوو حیزبێکی کوردی بڕیاری دا ڕۆژی(30)ی هەمان مانگ کە(49) ڕۆژ بەسەر مانگرتنی بێوادەی زیندانییانی کورد لە زیندانەکانی تورکیا تێپەڕ دەبوو، مانگرتنی سەرتاسەری ڕاگەیاند، بۆ ئەم مەبەستەش بەدەپە بانگەوازی سەرجەم گەلی کوردی کرد لە سەرانسەری کوردستان دەستبەرداری ژیانی تایبەت بن بۆ پشتیوانی لە زیندانییانی مانگرتوو بچنە سەر شەقام، لەسەر بانگەوازی پارتی ئاشتی و دیموکراتی و کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی لە(2012/10/30)کاتژمێر(12) بەکاتی تورکیا، لە(22)شاری گەورەی باکووری کوردستان(ئامەد، وان، ئەلیح، سەمسوور، سێرت، شرناخ، چنار، ڕەحا، دێرسیم، نسێبین، سلۆپی،

[1] شەمێران سلێمان، س.پ ، ل87.

[2] هـ.س، ل87.

[3] www.rudaw.net\kurdish\index. Hevpeyvin\

[4] https://trtkurdi.com.tr ؛/https://www.trtarabi.com/issues

[5] شەمێران سلێمان: س.پ ، ل93-95.

[6] شەمێران سلێمان: هـ.س، ل95.

جزیرە، سخكێ، بایەزید، جۆلە مێرگ، ئەردیش، گۆلە، كۆیێ، بەدلیس، لەگەڵ شارە توركییەكانی وەكوو ئەنتالیا، ئیزمیر). مانگرتن و خۆپیشاندانی سەرتاسەری بۆ پشگیری كردنی زیندانیانی سیاسیی باكووری كوردستان دەستی پێكرد، هەمان ڕۆژ دوای دەستپێكردنی مانگرتنە سەرتاسەرییەكەی باكوور، لە شاری ئەنقەرە و ئامەد و گەڤەر و نسێبین، چەندین شاری تر پێكدادان لە نێوان پۆلیس و خۆپیشاندەران ڕوویدا.[1] كوردان لە هەموو لایەكەوە لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات بۆ پشتگیری لە داخوازیی مانگرتوەكان و دژی سیاسەتەكانی توركیا خۆپیشاندان و ڕێپێوانیان ئەنجام دا لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا ڕەوەندی كوردی خۆپیشاندان و نارەزای ئەنجامدرا، لە (11/5) لە سلێمانی و كەركووك بۆ پشتگیری لە مانگرتووان خۆپیشاندان كرا و لە هەولێریش لەبەردەم كونسوڵخانەی توركیا خۆپیشاندەران ئاڵای توركیایان سووتاند.[2]

حكوومەتی توركیا چەندین هەوڵی دا بۆ كۆتایهێنان بە مانگرتنەكە، بەڵام زیندانییان تا جێبەجێكردنی داواكانیان سوور بوون لەسەر مانگرتنەكەیان، كاتێك حكوومەت زانی هەوڵەكانی بێ سوودە بۆ كۆتایهێنان بە چالاكیی مانگرتن، بۆیە ناچار پەنای بردە بەر ئۆجەلان، چونكە تەنیا ئەو دەیتوانی ئەو كارە بكات، ناچار حكوومەت یەكێك لە داوای مانگرتووان كە هەڵگرتنی قەدەغەی گۆشەگیری بوو لەسەر ئۆجەلان جێبەجێ كرد و لە(2012/11/17) ڕێگەدرا محەمەد ئۆجەلانی برای سەردانی ئۆجەلان بكات، عەبدوڵلا ئۆجەلان لە ڕێگەی براكەیەوە داوای كرد لە زیندانییە مانگرتوەكان دەستبەجێ مانگرتنەكەیان كۆتایی پێ بهێنن.[3]

دوای وتووێژی پەرلەمانتاران لەگەڵ زیندانییانی مانگرتوو لە زیندانەكانی دیاربەكر بۆ ماوەی زیاتر لە سەعاتێك، مانگرتووان بڕیاریاندا مانگرتنەكەیان بشكێنن، دەنیزكایا گوتەبێژی زیندانییە مانگرتوەكان كە خۆی یەكێك بوو لە مانگرتوەكانی ناو زیندان لە لێدوانێكییدا بەناوی مانگرتوەكانی دۆزی پەكەكە رایگەیاند، بانگەوازەكەی ئۆجەلان بەبناغە وەردەگرین، لە (18ی تشرینی دووەمی 2012) كۆتاییان بە چالاكییەكەیان هێنا، وەك جێبەجێكردنی یەكێكی تر لە داواكارییەكانی مانگرتووان، پارتی دادوگەشەپێدان پرۆژە یاساییەكی ئاڕاستەی پەرلەمان كرد بۆ ئەوەی غەیری زمانی توركی لە دادگاكاندا قسە بكرێت.

فاكتەرێكی تر ئەوەیە شۆڕشەكانی بەهاری عەرەبی، گۆڕانكاریی گەورەیان لە ناوچەكە هێنایە ئاراوە، توركیا ترسی گەورەی هەبوو هەمان ئەو ڕاپەڕینانەی لە وڵاتانی عەرەبی دراوسێی ڕوویان دا وڵاتەكەی بگرێتەوە، و پەكەكە بە پاڵپشتیی جەماوەر و ڕێكخستنەكانی لە شارە كوردییەكان بەهاری كوردی دەست پێ بكەن، بەڵام هەمیشە كەجەكە و ئۆجەلان وەكوو كورد دیالۆگیان بە باشترین بژاردە داناوە بۆ چارەسەری كێشەی كورد وەك لە شەڕو ململانێی چەكداری.

ڕۆژئاوای كوردستان، لە لایەكی ترەوە سوپای سووریا لە سەرەتای ئابی(2012) دا لە بەشێك لەو ناوچانەی كە زۆرینەیان كوردن، وەكوو عفرین لە باكووری خۆرئاوای سووریا و جەزیرە لە باكووری ڕۆژهەڵاتی سووریا كشایەوە، لەگەڵ كشانەوەیدا ئەو ناوچانە كەوتنە ژێر دەسەڵاتی پارتی یەكێتیی دیموكراتی(پەیەدە)[4] كە پارتێكی كوردییە و نزیكە لە پارتی كرێكارانی كوردستانەوە، بەوهۆیەشەوە توركیا لەوە دەترسا ببێتە هۆی دروست بوونی هەرێمی كوردی لە سنووریدا لەگەڵ سووریا كە لەڕووی جوگرافیا و مرۆییەوە لكاوە بە ناوچە كوردییەكانی توركیا و عێراقەوە، ئەو هەرێمەش ببێتە بنكەی گەریلاكانی پەكەكە بۆ شەڕی چەكداری لەگەڵیدا، ڕێككەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەركردایەتی ئەو حیزبەدا هەنگاوێكی پێشوەخت بوو بۆ هەر كاردانەوەیەكی داهاتووی پێشبینیكراو بەهۆی ڕووخانی سووریاوە ڕوویبدات، هەربۆیە دەیویست لە ڕێگەی دانووستانەوە ئەو مەترسییە لەخۆی دوور بخاتەوە، ئەگەر بەشێوەیەكی كاتی و تاكتیكیش بێت.[5]

بەم شێوەیە پاش چەندین كۆبوونەوە لەگەڵ ئۆجەلان لە ئیمراڵی جۆرێك لە ڕێككەوتن دروست بوو لەسەر نەخشە ڕێگەیەك جیاوازی گفتوگۆكانی ئیمراڵی لەگەڵ گفتوگۆكانی ئۆسلۆ ئەوەبوو دەوڵەت دوای ئەنجامدانی چەند دیمانەیەك پرۆسەكەی بۆ ڕای گشتی ئاشكراكرد.[6]

یەكێك لە خواستەكانی ئۆجەلان و پەكەكە ئەوەبوو كە بەپێچەوانەی دانووستانەكانی ئیمراڵی بە شەفافی و ئاشكرا بكرێن و بەبەردەوامی خەڵك و ڕای گشتی لە دانووستانەكان ئاگادار بكرێنەوە، هۆكارەكەیش ئەوەبوو كە ڕێگە لەوە بگرن كەسانێك بەناوی ئاشكراكردنی دانووستان و گفتوگۆكانەوە هەوڵی تێكدانیان بدات، ئەمەو جگەلەوەی خەڵكیش لەو ڕێگەیەوە بزانێت كێ پابەند نابێت و جدییە لە مەسەلەكەدا، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی حكوومەتی توركیا دانووستانەكان ئاشكرا بكات، ئەمەش پاش ئەو زنجیرە گۆڕانكارییە ئیقلیمی و نێوخۆییەی لە توركیا هاتبوونە ئاراوە، بەجۆرێك بە گوێرەی ئەنجامەكانی دوو ڕاپرسی، كە لەتوركیا ئەنجامدرا بوون، دانیشتووانی توركیا پشتگیری ئەو پرۆسەیەیان دەكرد، یەكێكیان لە( نیسانی 2013) ئەنجامدرا بوو، (67,7%) بەشداربووانی ڕاپرسییەكە پشتیگری بەردەوامی پرۆسەی چارەسەریان دەكرد، و لە بەرامبەریشدا (33,3%) لایەنگری بەردەوامی شەڕن لەگەڵ پەكەكە، لە ڕاپرسییەكەی كۆمپانیای (ئیپسۆس) لە ساڵی(2015) (59,5%) دانیشتووانی توركیا پشتگیری لە پرۆسەكە دەكەن، لە بەرامبەریشدا( 40.5%) پشتگیری لەو پرۆسەیە ناكەن.

[1] شەمێران سلێمان: س.پ ، ل95-96.

[2] شەمێران سلێمان،: هـ.س، ل97.

[3] https://www.alhurra.com/turkey/2019

[4] بۆزیاتر لەسەر چۆنێتی دامەزراندنی پەیەدە بڕوانە: سەرحەدئێركمێن و ئەوانی تر: مێژووی پەیەدە، وەرگێڕانی: ماجید خەلیل، چاپی یەكەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2017، ل47-49.

[5] شەمێران سلێمان، س.پ ، ل128-129.

[6] بڕوانە: عەبدوڵلا بابەكر: پرۆسەی ئاشتیی كوردستانی باكوور، كەوانە(گۆڤار)، ژمارە(20)، حوزەیرانی 2013، ل101.

پڕۆسەی دانووستانەکانیش، لە تشرینی دوەمی (2012) لە نێوان تورکیا و عەبدوڵلا ئۆجەلانی ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان لە زیندانی ئیمرالی بۆ چارەسەکردنی پرسی کورد، لە چوارچێوەی تورکیا بەشێوەیەکی ئاشتییانە گەڕێکی تری دانووستانەکان دەستی پێکرد.[1]

موراد قەرەیلان پێشتر ڕایگەیاند بوو: تا پێویستییەکانی هەرسێ مەرجەکەی ڕێبەر ئۆجەلان وەکوو ئاساییش، تەندرووستی و دەرفەتی دانووستاندنی ئازاد پێك نەیەت، ئێمە باوەڕ بە گوتەکانی ئاکەپە و کاربەدەستانی دەوڵەتی تورك ناکەین.دانووستانەکانی ئیمرالی لە نێوان دەزگای هەواڵگریی نیشتمانیی تورکیا و عەبدوڵلا ئۆجەلان بەڕێوە دەچوو، تا ئەوکاتەی (هاکان فیدان) دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە بەوشێوەیەیش میت لە پڕۆسەکەدا شوێنی خۆی دا بە حکوومەت، هەر لەبەرئەوەیش بوو لە کۆشکی دۆڵمەباخچە حکوومەت ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی لەگەڵ شاندی ئیمرالی قبووڵ کرد، کەلە(10) خاڵی پێشنیارکراوی ئۆجەلان پێك هاتبوو بۆ کۆتایهێنان بە کردەوە توندوتیژییەکان لە نێوان هەر دوولادا، لە بەرامبەر ئەنجامدانی چاکسازی و پێدانی ماف بەکورد بۆ بەرجەستەکردنی متمانە لەنێوان هەردوولادا، لە (3ی کانوونی دوەمی2013) ئایلا ئاکات ئالا نوێنەری پارتی ئاشتی و دیموکراتی و ئەحمەد تورك نوێنەری سەربەخۆ سەردانی ئۆجەلانیان کرد لە زیندانی ئیمرالی، بۆ تەواوکردنی پڕۆسەی دانووستانەکان لە(23ی شوباتی2013)دا پەروین بوڵدان و ئاڵتان تان و سڕی سوورەیا ئۆندەر سەردانی ئۆجەلانیان کرد لە زیندانی ئیمرالی[2] ، لە(9ی ئازاری 2013) شاندێکی هەدەپە سەردانی قەندیلیان کرد.[3]

وەك دەستپێشخەریەك دەوڵەتی تورکیا کۆمەڵێك لەو سەرۆك شارەوانییانەی پێشووی کورد ئازادکرد کە پێش زیاتر لە سێ ساڵ لە دۆسیەی کەجەکە لە ئامەد لە لایەن حکوومەتەوە دەستگیر و زیندانی کرا بوون، هەروەها پەرلەمانی تورکیا یاسایەکی پەسەند کرد کە ڕێگە بەکورد دەدات زمانی کوردی وەکوو زمانی دایك بەکاربهێنن، کە یەکێك بوو لەداواکارییەکانی کورد، وەکوو نیەتپاکی بۆ پڕۆسەکە لە بەرامبەریشدا پەکەکە ل(13ی ئازاری 2013)هەشت سەربازی تورکیای ئازادکرد، کەماوەی دووساڵ بوو دەستگیریان کرد بوون، (بەشیر ئاتالای)جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیا ئازادکردنی سەربازەکانی وڵاتەکەی لە لایەن پەکەوە وەکوو ئاماژەیەك بۆ نیازپاکی ناوبرد، هەروەها (عەبدوڵلا گویل)ی سەرۆك کۆماریش لەو بارەیەوە گوتی: (دڵخۆشین بە گەڕانەوەی سەربازەکانمان کە ماوەیەکی درێژیان لە دووریی وڵاتەکەیان بەسەر برد).[4]

دواجار حکوومەتی تورکیا و ئۆجەلان و پەکەکە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی لە ئاهەنگی نەورۆزی(2013) ئۆجەلان پەیامێك بۆ ڕای گشتیی تورکیا و جیهان بڵاو بکاتەوە، هەروەها پەکەکە لەگەڵ پەیامەکەی ئۆجەلان لە نەورۆزی هەمان ساڵدا ئاگربەستی یەك لایەنەی ڕاگەیاند، ئەوەش هەشتەمین ئاگربەست بوو لە لایەن پەکەوە بەدرێژایی چەندین ساڵ شەڕو ململانێ و خەباتی سیاسی و سەربازی لە باکووری کوردستان.

ئەوەبوو لە ئامەد(دیاربەکر) لە ئاهەنگی نەورۆزی(2013)دا بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستانەوە و بە ئامادەبوونی نوێنەری پارت و ڕێکخراوەکانی باشووریش ئامادەی ئاهەنگەکە بوون، کە ئەمەش بەگوێرەی شیکەرەوانی سیاسیی و میدیاکان شتێکی بێ پێشینەبوو لەمێژووی کورد لە دەوڵەتی تورکیای هاوچەرخدا، کەپێشتر بە ئەستەم ڕێگە بەکاری لەو شێوەیە دەدرا.[5]

پەیامەکە لە لایەن (پەروین بوڵدان) جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هەدەپە، بەزمانی کوردی خوێنرایەوە،.

نامەکە کاردانەوەی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، هەموو لایەك پشتگیرییان بۆ دەربڕی، ئۆردوگان، لەلێدوانێکییدا بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕایگەیاند: ئەم داواکاری و بانگەوازە، پێشهات و پێشکەوتنێکی ئەرێنی و ئیجابییە، بەڵام ئەوەی گرنگە جێبەجێکردنی ئەو بانگەوازەیە، جێبەجێکردنی ڕاگرتنی شەڕ لە لایەن پەکەکەوە هەنگاوێکی گرنگە و گوتیشی: ئەنقەرە کردەوە سەربازییەکانی ڕادەگرێت، ئەگەر پەکەکە پەیامەکەی ئۆجەلان جێبەجێ بکا و کردەوەکانی ڕابگرێت).[6]

پەکەکەش لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند، پێشوازی لە پەیامەکەی عەبدوڵلا ئۆجەلان دەکەین و پێوەی پابەند دەبین.

پەکەکەش چەند هەنگاوێکی وەك نیازپاکی و بەرەوپێشچوونی پڕۆسەکە ئەنجامدا، لەوانە کشانەوەی هێزەکانیان لە ناو خاکی تورکیا بۆ چیای قەندیل لە باشووری کوردستان، کە بەشێك لە بارەگا سەرەکییەکانی لێیە، لە بەیانێکدا پەکەکە لە ڕۆژی(8ی ئایار) ڕایگەیاند، یەکەم گرووپی گەریلاکانیان لە ئەو ڕۆژەوە دەستیان بە جووڵە کردوە بۆ کشانەوەیان لە خاکی تورکیا، هەر لەو بەیانەدا ڕایانگەیاند بوو پێویستیان بە چوار مانگە بۆ کشانەوەی تەواوی هێزەکانیان.[7] ئەوەبوو هەفتەیەك دوای بڕیاری کشانەوەیان لە(2013/5/14) یەکەم گرووپ کەلە(15) گەریلا پێکهاتبوون لە شرناخەوە گەیشتنەوە قەندیل، (کاجار) ناوی سەرۆکی ئەو(15) گەریلایەی پەکەکە بوو، ڕای گەیاند، لەسەر داوای ئاپۆ گەڕاینەوە، دەمانەوێت لەم ڕێگەیەوە دەرگایەك بۆ ئاشتی بکەینەوە)، هەر لەو چوارچێوەیەدا تا سەرەتای مانگی حوزەیران حەوت گرووپی گەریلاکانی پەکەکە لە تورکیا کشابوونەوە.لە (6/14)یش گروپێکی تر گەیشتنەوە قەندیل، و ئەم پڕۆسەیە تاوەکوو مانگی ئەیلوولی هەمان ساڵ بەردەوام بوو.[8]

---

[1] موقع رويترز العربي: (2013/2/21).

[2] ڕۆستەم مەحموود: ئەگەری چەکدانانی پارتی کرێکارانی کوردستان(پەکەکە)، وەرگێڕانی: دانا ساڵح، جەماوەر(گۆڤار)، ژمارە(2)، بەهاری 2013، ل241-242.

[3] شەمێران سلێمان: س.پ ، ل108.

[4] موقع بی بی سی عەرەبی (2013/3/13).

[5] ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم: تورکیا: ئۆجەلانیزم و ئۆردۆگانیزم تەبا دەبنەوە و کەمالیزمیش دوا ماڵئاوایی خۆی دەکات، کەوانە(گۆڤار)، ژمارە(20)، حوزەیرانی 2013، ل56-61.

[6] بی بی سی عەرەبی، لە (2013/3/21).

[7] بڕوانە: موقع المدى، لە ڕۆژی (2013/5/14)

[8] فورات نیوز.

دواتر ئۆجەلان نەخشەڕێگەی پرۆسەی ئاشتیی ڕاگەیاند، کەسێ قۆناغی لەخۆ گرتبوو: یەکەم، ئاگربەست بەو مەرجەی حکوومەت و سوپای تورکیا هێرش نەکاتە سەر گەریلا،

دووەم: کشانەوەی پەکەکە لەناو خاکی تورکیا، سێیەم: بێدەنگ کردنی چەکەکان نەك چەك دانان لەدوای ئەوەی لە ئەگەری بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی و هەنگاونانی حکوومەت بەرەو گۆڕانکارییەکان لە دەستوور و ئەو خاڵانەی کە ئۆجەلان و پەکەکە باسیان لێوەکردوون و پەکەکە بەحیزبێکی سیاسی و فەرمی لە تورکیا ئەو کاتە بابەتی چەکدانان تاوتوێ دەکرێت، و هێزی گەریلا دەبێتە بەشێك لە سوپا لە ناوچەکانی کوردستان بۆ پاراستنی کۆمەڵگا( بەمەرجێك حکوومەتیش هەنگاوی وەڵامدەرەوەی هەبێت)، ئەمەی سێیەمیان خاڵێکی قورس بوو، زۆرترین قسەی لەسەر کرا.

لە(2014/7/11) پەرلەمانی تورکیا پرۆژە یاسایەکی پەسەند کرد، کە لەلایەن حکوومەتەوە پێشکەشکرا بوو، کە ڕێگە دەدات بە دانووستاندن لەگەڵ پەکەکە کە مەبەست لێی پاراستی یاسایی دیارترین بەپرسە بەشدارەکانی دانووستانەکان بوو لەگەڵ پەکەکە.

**تەوەرەی سێهەم: ڕێگرییەکانی بەردەم پرۆسەی دانووستاندن و هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەی**

دانووستانەکانی ئەمجارەی نێوان حکوومەتی تورکیا بە نوێنەرایەتی هاکان فیدان سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانیی تورکیا و لایەنی کوردی بە نوێنەرایەتی(عەبدوڵلا ئۆجەلان)، بەدوور نەبوو لە هەندێك ڕێگری و بەربەست، کە لە خوارەوە هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

1.تیرۆری سێ ئەندامە کچەکەی پەکەکە بوو لە(9ی کانوونی دووەمی2013) لە پاریس بەدەستی هەواڵگری تورکیا، لە نێوانیاندا سەکینە جانسز، کە یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی پەکەکە، لەگەڵ فیدان دۆغان و لەیلا شویلەمەز، کە تاڕادەیەك پرۆسەکە یەکەم بەربەست و دڕۆدۆنگی لەلایەن پەکەکەوە بۆ دروست بوو، هەرچەندە هەردوولایان نەیانهێشت کاریگەری خراپ بکاتە سەر پرسی چارەسەری، چونکە لایەنی کوردی لەکاتی ڕووداوەکە دانی بەخۆیدا گرت و هیچ کاردانەوەیەکی خراپی نەبوو، ئەویش لە پێناوی سەرگرتنی پرۆسەی چارەسەری ئاشتی.[1]

2.یەکێکی تر لەو ڕێگریانە، بەربەستی یاسایی و دەستووری بوو، کە ئەوکاتەو ئێستاش خاڵێکی جەوهەریی پرۆسەکەیە، لەوانەش چارەسەرکردنی کێشەی کوردە لە ڕەگوڕیشەوە و داننانی فەرمی و یاسایی و دەستوورییە بە شوناسی کورددا، لەگەڵ زیاد کردنی ڕۆڵی حکوومەتە خۆجێیەکان و چەسپاندنیان لە دەستووری تورکیادا، لەماوەی دوو ساڵ و نیوی گفتوگۆکان و پرۆسەی چارەسەری حکوومەت ئەوانەی جێبەجێ نەکرد.[2]

3. نەبوونی متمانەیش لە نێوان هەردوولادا تاڕادەیەك بەربەست بوە، کە هەریەکە لە لایەنی کوردی و حکوومەتی تورکیاش یەکتریان بە دروستکردنی بەربەست و نەهاویشتنی هەنگاوی پێویست بۆ جێەجێکردنی پرۆسەکە تۆمەتبار دەکرد، لە ڕاگەیاندنەکانەوە.[3]

4.یەکێکی تر لە هۆکارەکان بریتی بوو لە پرسی کورد لە خۆرئاوای کوردستان و سووریا کە کاریگەری هەبوو لە سەر پرسەکە، چونکە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی سووریا(2011/3/15) کورد توانی جیاواز لە لایەنەکانی تری شۆڕشی سووریا پێگەیەکی بەهێز بۆخۆی دروست بکات و بەرگری و پاسەوانی ناوچە کوردییە ئازادکراوەکان بکات، تەنانەت دامەزراندنی سێ کانتۆن و خۆبەڕێوەبەری، ئەوەیش تورکیای ترساند بە دامەزراندنی کیانێکی کوردی لە باکووری سووریا، کە پەکەکە هەژموونی تەواوی هەبوو لەو پارچەیەدا،.[4]

ئۆردوگان لە (2015/3/23) جارێکی تر گوتی: شتێك نییە بەناوی پرسی کورد و قسەکردن لەو بارەیەوە مانای جودا خوازی دەکات، هیچ دیدار و کۆبوونەوە و مێزی گفتوگۆ لە نێوانماندا نییە، هەبوونی مێز واتە هەڵوەشاندنەوە دەوڵەت.[5]

هەر لەم ماوەیەدا بوو، هێرشەکانی داعش بۆ سەر شەڕڤانانی یەپەگە لە کۆبانێ توندتر دەبوو، لە هەفتەی سێیەمی هێرشەکەدا فشارێکی زۆر کەوتبوە سەر شەڕڤانان چ لەڕووی چەك و تەقەمەنی و پێداویستی سەربازی چ لە ڕووی خواردن و پێداویستی تەندرووستی و داودەرمان، لەو لایەک تۆپبارانی چەکدارەکانی داعش بەردەوام بوو، بەهۆی ڕێگەنەدانی تورکیا بە گەیاندنی هاوکاری بە شەڕڤانان و لەو لایەکی دیش هاوکاریکردنی داعش درزی گەورە کەوتە نێوان تورکیا و کورد لە باکوور و خۆرئاوا، کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕێڕەوی دانووستانەکانی ئیمرالی دانا، هەرچەندە (ساڵح موسلیم) ڕایگەیاند، لە(2014/10/5) لەگەڵ بەرپرسانی باڵای میت و حکوومەتی تورکیا کۆبوونەتەوە و بەڵێنیان داوە هاوکاریی کۆبانێ بکەن، بەڵام تورکیا هیچ هەنگاوێکی ئەرێنیی نەنا.[6]

لەدژی سیاسەتەکانی حکوومەتی تورکیا، هاووڵاتییانی باکووریکوردستان وشارە کانی تری وەکوو ئەستانبووڵ و ئەنقەرە لە(6ی تشرینی یەکەم) ڕژانە سەر شەقامەکان، کەجەکە ڕۆژی دواتر ڕایگەیاند: " دەبێت گەلەکەمان لە باکوور هەموو مەیدانێك بکاتە کۆبانێ و بەرخۆدانێکی مێژوویی نیشان بدات، لەم سەعاتە بەدواوە دەبێت بە ملیۆنان مرۆڤ وەك لافاو بڕژێنە سنوور و لەم ساتە بەدواوە هەستنە سەر پێ، کات کاتی گەورە کردنی

[1] شەمێران سلێمان: س.پ ، ل127.

[2] شەمێران سلێمان، هـ.س، ل128.

[3] https://studies.aljazeera.net/ar/reports/2016/01/201611965618119165.html

[4] بڕوانە: https://studies.aljazeera.net/ar/reports/2016/01/201611965618119165.html

[5] 34 ساڵە ئاگری شەڕی پەکەکە و سوپای تورکیا ناکوژێتەوە، لە ڕۆژنامەی ئاژانس لە ئینتەرنێت: (29ئابی 2018).

[6] Malcolm Edward YappThe Editors of Encyclopaedia Britannica: https://www.britannica.com/place/Turkey/Regional-activism-the-Arab-Spring-and-the-Syrian-Civil-War in

چالاكییەكانە"[1]، بەوهۆیەشەوە حكوومەتی توركیا لە پێنج پارێزگای باكوور( ئامەد، باتمان، ماردین، سێرت و وان) باری نا ئاسایی ڕاگەیاند، لە ئەنجامدا پێكدادان لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەكان ڕووی دا و دەیان خۆپیشاندەر بوونە قوربانی، تا(2014/10/8) (19) خۆپیشاندەری كورد بە دەستی هێزە ئەمنییەكانی توركیا كوژران،.[2]

5. یەكێكی تر لە ڕێگری و بەربەستەكانی بەردەم سەرنەكەوتنی دانووستنەكان و پڕۆسەی چارەسەری تەقینەوەكەی (پرسوس) و هاوكاریكردنی داعش لە لایەن پۆلیسی توركیاوە بوو، بۆ ئەنجامدانی ئەو تەقینەوەیە و كوشتنی ئەو پۆلیسانەی هاوكاریی خۆكوژەكان بوو لە لایەن ڕێكخستنەكانی ناو شاری پەكەكە بەبێ فەرمانی ناوەندی هەپەگە، بیانوویەكی تری دا بە توركیا بۆ دەستپێكردنەوەی شەڕ،ئەوەبوو كاتژمێر (11)ی شەوی (2015/7/24) فڕۆكە جەنگییەكانی توركیا دوای دوو ساڵ و نیو ئاگر بەست هێرشیان كردەسەر بارەگاكانی پەكەكە لە هەرێمەكانی پاراستنی میدیا و بە فەرمی پڕۆسەی ئاشتی و چارەسەری كێشەی كورد كۆتایی هات و شەڕ لە نێوان پەكەكە و توركیا دەستی پێكردەوە.[3]

## تەوەرەی چوارەم:

### هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی توركیا لەسەر پڕۆسەی چارەسەری و دانووستانەكانی نێوان پەكەكە و حكوومەت

هەر لەسەرەتای دانووستانەكانەوە حیزبی گەلی كۆماری كە گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنی توركیایە پشتگیری پڕۆسەكەی كرد لە پێناو چارەسەركردنی كێشەی كورد، بەمەرجی ئەوەی كە هەموو هەنگاوەكان شەفاف بێت و هیچ شتێك لە خەڵكی نەشاردرێتەوە، بەڵام تاكە پارت كە دژی پڕۆسەی چارەسەری كێشەی كورد بوو لە توركیا بزووتنەوەی نەتەوە پەرستی توركیا(مەهەپە) بوو، كە ڕەخنەی توندی لە حكوومەت و پڕۆسەی ئاشتی دەگرت و ئاكەپەی بە ئەڵقە لەگوێی پەكەكە ناو دەبرد و پڕۆسەی چارەسەري بە پلانێك بۆ دابەشكردنی توركیا دەزانی.

بەدرێژایی ماوەی دانووستانەكان مەهەپە لە زاری دەوڵەت باخچەلی سەرۆكی حیزب و بەرپرسەكانی تریەوە گوتەی ئاگرین و توندیان دەربارەی پڕۆسەی ئاشتی و حكوومەت و پەكەكە و ئۆردوگان و ئۆجەلان دەگوتەوە، بەشێوەیەك هەموو هەوڵێكیان خستە گەڕ بۆ شكستپێهێنان بە پڕۆسەكە، تەنانەت یەكێك لە مەرجەكانی بەشداریكردنیان لە حكوومەتێكی هاوپەیمانی لەگەڵ ئاكەپە كۆتاییهێنان بوو بە پڕۆسەكە.

بەڵام پارتی گەلی كۆماری لەو قۆناغەدا هەڵوێستێكی ئەرێنی هەبوو بەرامبەر بە كێشەی كورد، تەنانەت پڕۆژەیەكیشیان پێشكەش بە پەرلەمان كرد، كەباسی لەمافی كورد دەكرد، جەهەپە لە كارنامەی هەڵبژاردنی خۆیدا(7ی حوزەیرانی 2015)، باسی كێشەی كوردی كردوە و پشتگیری چارەسەری سیاسی كوردی دووپات كردەوە، ( دەتوانین پرسی كورد چارەسەر بكەین).[4]

لەدوای ڕووداوەكانی (2016/7/7/15) قۆناغێكی تر لەدوای هەوڵی كودەتا شكستخواردوەكە هاتە ئاراوە.

## دەرەنجام:

لە دووتوێی زانیارییەكانی ئەم كورتە توێژینەوەیە دەگەینە ئەم دەرەنجامانەی لای خوارەوە:

1.دۆزی كورد لە باكووری كوردستان لە سەرەتای دروست بوونی كۆماری توركیاوە تاوەكوو ئەمڕۆ لە دۆخێكی سەختدایە لە ڕووی سیاسیی و نەتەوەییەوە.

2.لە كۆتایی ساڵانی هەشتاكان و سەرەتای نەوەدەكانەوە بەهۆی گۆڕانكارییە سیاسییەكانی جیهانەوە، لەدوای ڕووخانی بلۆكی سۆڤییەت، توركیاش بەرەو كرانەوە ڕۆیشت، بەتایبەت لەسەردەمی تۆرگۆت ئۆزال، كە سەرەتای دانووستان و دان نان بە كێشەی كورد لە توركیا بوە ڕۆژەڤ و بەڵام مردنی لەناكاوی ئۆزال كۆتایی بەو هەوڵانە هێنا.

3. لەسەردەمی هاتنەسەر دەسەڵاتی ئاكەپەوە لە توركیا دۆزی كورد لەسەرەتاوە بەرەو پێشچوونی بەخۆیەوە بینی.

4. هەرچەندە هەوڵەكانی ئاشتی شكستی هێنا و دووبارە شەڕ دروست بووەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە دەری خست كە پەكەكە خوازیاری ئاشتییە و شەڕی ناوێت، ئەوە توركیایە كە شەڕ دەسەپێنێت.

5.هەروەها بۆمان دەردەكەوێت كە هەموو دەسەڵاتە جیاوازەكان، لەم سەری ڕاستەوە بۆ ئەوسەری ئیسلامیی دژی مافە نەتەوەیی و سیاسییەكانی كوردن.

## لیستی سەرچاوەكان

### یەكەم: سەرچاوە كوردییەكان


1.بریتا بۆلەر: نهێنییەكانی دەستگیركردنی ئۆجەلان (گەشتە بێ ئاكامەكانی سەركردەیەك)، وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: ڕێكەوت ئیسماعیل، چاپی چوارەم، چاپخانەی حەمدی، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ئایدیا، سلێمانی، 2018.

2. بیار سیف الدین: كێشەی كورد لە پەیوەندییەكانی ئەمریكا-توركیا، وەرگێڕانی: سەرمەد ئەحمەد، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، 2009.

3.ڕێككەوت ئیسماعیل ئیبراهیم: توركیا و جەنگی ناكام بەرامبەر بەكورد، چاپی یەكەم، سلێمانی، 2013.


---

[1] ڕاگەیەنراوی كەجەكە، لە ڕۆژی(2014/10/7).

[2] محطات من صراع تركيا وحزب العمال الكردستاني، من https://www.aljazeera.net/

[3] لەم هێرشانەدا (400) خاڵییان لە هەرسێ پارێزگای دهۆك و هەولێر و سلێمانی بۆردوومان كرد، كە بوە هۆی كوژرانی پێنج گەریلا و بریندار بوونی حەوت گەریلای تر، لە هێرشەكانی شەوی(2015/7/26) ئەندامێكی كۆنسەی پەكەكە بەناوی ڤارتۆ كوژرا و چوار هاووڵاتییش بریندار بوون.

[4] بڕوانە: نواری میریت: جەهەپە و پرسی كورد، وەرگێڕانی: سابیر عەبدوڵڵا كەریم، ئایدیا دیپلۆماتیك(گۆڤار)، ژمارە(28-29)، بابی 2018، ل300-301.

4.شەمێران سلێمان: تورکیا ئیسلامی سیاسی و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەل پرسی کورددا، چ1، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2019.

5.سەعد عەبدولعەزیز مسلط: پرۆژەی سیاسی پارتی داد و گەشەپێدان لە تورکیا، لە کتێبی (گەشەپێدانی تەوژمی ئیسلامیی سیاسی لە تورکیا 1946-2012)، وەرگێرانی: بەرزانی مەلاتەها، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، 2013.

6.سەرحەدئێرکمێن و ئەوانی تر: مێژووی پەیەدە، وەرگێرانی: ماجید خەلیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2017.

7.عەقیل سەعید مەحفوز: تورکیا و کورد، وەرگێرانی: عەلی میرزا عارف، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2016.

8.محەمەد فاتح: پارت و رێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا (1923-2003)، چ1، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2016.

9.هێرش عەبدوللا حەمە کەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و تورکیا و سووریا1991-2003، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە، چاپخانەی تاران، 2013.

10.هاوکار محێدین جەلیل: دۆزی کورد لە تورکیا لە ساڵانی(1980-1999)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمایی کوردی، هەولێر، 2012.

**دووهەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

1.المحادثات سرية بين PKKوالدولة التركية، دار الشموس للدراسات و النشر والتوزيع، دمشق، 2000.

2. المسألة في تركية الامل و الخيبات، مجلة شؤون تركية، مركز دراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، العدد(8).

على سلمان صايل: الابعاد الاقليمية والدولية للازمة العراقية التركية بعد عام 2003، جامعة النهرين، كلية العلوم السياسية، 2010،

د.عثمان على : حزب العدالة والتنمية في تركيا و المسألة الكوردية، ط1، اربيل، 2013.

د.ناجى محمد عبدالله و نهاية حامد عطار: تركيا و مكانتها الشرقية قراءة في الاداء على المتوى الداخلي، مجلة جامعة تكريت، كلية العلوم السياسية، 2018.

على سلمان صايل: الابعاد الاقليمية والدولية للازمة العراقية التركية بعد عام 2003، جامعة النهرين، كلية العلوم السياسية، 2010.

د.عثمان على : حزب العدالة والتنمية في تركيا و المسألة الكوردية، ط1، اربيل، 2013.

د.ناجى محمد عبدالله و نهاية حامد عطار: تركيا و مكانتها الشرقية قراءة في الاداء على المتوى الداخلي، مجلة جامعة تكريت، كلية العلوم السياسية، 2018،

سێیەم: گۆڤارەکان:

بەزمانی کوردی

1.حەسەن محەمەد فەرحان: کورتەیەك دەربارەی ژیاننامەی رەجەب تەیب ئۆردوگان، گۆڤاری( دۆسێی تورکیا)، ژمارە(2)، ئەیلولی 2005.

2.خەڵەف غەفوور: دۆزی کورد لە تورکیای ئەتاتورکەوە بۆ تورکیای ئەردۆگان، ئایدیا دیپۆلۆماتیك( گۆڤار)، ژمارە(1)، حوزەیرانی، 2013.

3.عەبدوللا بابەکر: پرۆسەی ئاشتیی کوردستانی باکوور، کەوانە(گۆڤار)، ژمارە(20)، حوزەیرانی 2013،

4.رۆستەم مەحموود: ئەگەری چەکدانانی پارتی کرێکارانی کوردستان(پەکەکە)، وەرگێرانی: دانا ساڵح، جەماوەر(گۆڤار)، ژمارە(2)، بەهاری 2013.

5.رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم: تورکیا: ئۆجەلانیزم و ئۆردۆگانیزم تەبا دەبنەوە و کەمالیزمیش دوا ماڵئاوایی خۆی دەکات، کەوانە(گۆڤار)، ژمارە(20)، حوزەیرانی 2013.

نواری میریت: جەهەپە و پرسی کورد، وەرگێرانی: سابیر عەبدوللا کەریم، ئایدیا دیپلۆماتیك(گۆڤار)، ژمارە(28-29)، بابی 2018.

گۆڤار بە زمانی عەرەبی:

خليل على مراد: العلاقات السورية-التركية في ضوء ازمة اوجلان، تشرين الاول/ اوكتوبر1998، في مجلة اوراق تركية معاصرة، العدد(16)، مركز الدراسات التركية، جامعة الموصل، ربيع 2001.

چوارەم: ئینتەرنێت:

1-www.rudaw.net\kurdish\index. Hevpeyvin\

2- www.nnsroj.comd, detiles aspex ?id=3079&ID_map=24

<

https://trtkurdi.com.tr ؛/https://www.trtarabi.com/issues

3-https://www.alhurra.com/turkey/2019

4. موقع رويترز العربي، (2013/2/21).

5. http://ku.kurdhewall.com/

6. موقع بی بی سی عەرەبی (2013/3/13).

7. بی بی سی عەرەبی، لە (2013/3/21).

8.موقع المدى، لە رۆژی (2013/5/14)

9.فورات نیوز.

10. پرۆسەی ئاشتی و دانیشتنەکانی میت و پەکەکە، لە ئۆسلۆوە دەستی پێ کرد و لە ئیمیراڵی کۆتایی هات.. راپۆتێك لە رووداو بڵاوکراوەتەوە.

11.مرکز دراسات الجزیرة.

https://studies.aljazeera.net/ar/reports/2016/01/2016119656 18119165.html

12.پێگەی تورك پرێس: TURKPRESS.COM

13. ساڵە ئاگری شەرِی پەکەکە و سوپای تورکیا ناکوژێتەوە، لە رۆژنامەی ئاژانس لە ئینتەرنێت: (29ئابی 2018).

14.

Malcolm Edward YappThe Editors of Encyclopaedia Britannica: https://www.britannica.com/place/Turkey/Regional-activism-the-Arab-Spring-and-the-Syrian-Civil-War in

15. ڕاگەیەنراوی کەجەکە، لە ڕۆژی(2014/10/7).

16. محطات من صراع تركيا وحزب العمال الكردستاني، من /https://www.aljazeera.net

17. خلاصه من بحث محمد نورالدين الاقليات في تركيا في ظل حزب العدالة و التنمية، يوليو2012، ايست اونلاين( East online)

١٨.هوشەنگ اوسی: الصراع الكردی-التركی بين حل السلمی وتجدد دوره العنف،(23يناير2013)، دراسات العربية.

19. وەرگیراوە لە پێگەی www.sputniknews.com لە (2017/1/15).

20.المسألة في تركية الامل و الخيبات، مجلة شؤون تركية، مركز دراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، العدد(8). لە ئینتەرنێتەوە.

21.https://studies.aljazeera.net/ar/reports/2016/01/201611965618119165.html

## پاشکۆ:

**دەقی پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ پرۆسەی چارەسەری و ئاشتی لە باکووری کوردستان**

**((وەك بڕیاربوو ئەمڕۆ 21ی ئازار لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز لە شاری ئامەدی باکوری کوردستان، دەقی پەیامەکەی ئۆجەلان خوێندرایەوە.**

**سری سورەیان ئۆندێری پەرلەمانتاری بەدەپە لەبەردەم سەدان هەزار کەس پەیامەکەی ئۆجەلانی بە زمانی تورکی خوێندەوە، رایگەیاند: " بەڕێز ئۆجەلان کۆتایی بە سەردەمی شەڕ دەهێنێت، بەمەستی نوسینی نامەیەک کە تێیدا ئاشتییەکی سەربەرزانە ڕادەگەیێنێت، قەڵەمەکی خستەکارو ئێستاش لەگەڵ ئێوە ئەو نامەیە هاوبەشی پێدەکەم."**

**ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:**

**جەژنی نەورۆزو سەربەرزی لە ستەملێکراوان پیرۆز**

**سڵاو لەڕۆژی بێداربوونەوە و سڵاو لەو ڕۆژەی کە تێیدا بەشێوەیەکی ئێجگار فراوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاستدا ژیان بەبەری بۆنەیەکی ئاوەهادا دەکرێت.**

**سڵاو لەو خەڵکەی کە بەشێوازێکی برایانە و جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە و لەژێر سایەی دیموکراتی و لەدایکبوونی سەردەمێکی نوێدا ئەم بۆنەیە پیرۆزدەکەن.**

**سڵاو لەو کەسانەی کەبوونەتە گەشتیاری ئەم ڕێگە گەورەیەی بەدەستهێنانی مافی دیموکراتی وسەربەرزی ویەکسانی، هەرلە بنارەکانی چیای زاگرۆس و تۆرۆسەوە تا ڕۆخی ڕوباری فوڕات و دیجلەوە کە لە دێرزەمانەوە بوونەتە دایک بۆکوردان، و سوڵاو لە سەرجەم گوند و شار و شارستانیەت بێت.**

**ئەمڕۆ ڕۆژی بانگەشەکردنە بۆ تورکیایەکی نوێ، دنیایەکی نوێ و داهاتوویەکی نوێ ڕادەگەیێنین.**

**ئەوگەنجانەی کە پڕ بەدڵ بەدەم داواکەمەوە هاتن، ئەو ژنانەی کە لە دڵەوە نامەکەمیان وەرگرت، ئەودۆستانەوە کە تەواوی وتەکانی منیان بە چاو و بەسەرقبوڵکردووە، و ئەوە مرۆڤانەی کە لە گوێبیستبوونی دەنگی من گوێیان هەڵخست.**

**ئەمڕۆ سەردەمێکی نوێ دەسپێدەکات، لە سەردەمی شەڕی چەکەوە، دەرگا بەڕووی سیاسەتی دیموکراتیدا دەکرێتەوە، سیاسی، سۆسیال و ئابوری و اتا سەردەمێک کە تەواو ئەم مافانەی تێدا بەدی بێت، لێک تێگەیشتنێک کە پایەکەی مافە دیموکراتییەکان، سەربەرزی و، یەکسانی هەموو ئەمانە لەخۆ دەگرێت.**

**ئێمە بەدەیان ساڵ لەپێناوی ئەم خەڵکەدا فیداکاریمان کرد، چەندین باجی قورسمان دا، تەواوی ئەم هەوڵانەی ئێمە هیچیان بەهەدەر نەڕۆیشتن. کوردەکان ئەسڵیان، ناسنامەیان دووبارە بەدەستهێنایەوە.**

**ئێستا گەیشتینە ئەو خاڵەی کە با چیتر –چەکەکان بێدەنگ بن و بیرۆکەکان بکەونە قسە، چیتر ئایدیای نەزانی تێکشکا و لەگەڵ خاکا بوون بەیەک.**

**ئەو خوێنەی کە ڕژاوە، بێئەوەی ڕەچاوی کورد و غەیرە کورد بکات تەواو ئەم ژینگەیەی لەخوێنا غەرقکرد، من بە گەواهی ملیۆنان کەس دەڵێم چیتر سەردەمێکی نوێ دەستپێدەکات، چەک نا بەڵکو سیاسەت دەچێتە پێشەوە، دووبارە دەمەوێ بڵێم کاتی ئەوە هاتووە کە هێزە چەکدارەکانمان لە سنورەکان بکشێنەوە، بڕواشم وایە هەموو ئەوانەی بڕوایەن بەم پرۆسەیە هەیە تەواو بە چاوێکی هەستیارەوە لێی دەڕوانن و، ئەمەش کۆتایی نییە بەڵکو تەنها دەستپێکێکە، ئەمە واتای دەستپێکی گفتوگۆیەکی تەواو جیاوەز دەگەیێنێت"**

**"هاوشێوەی مێژوی کوردستان وئەنادۆڵ، لەپێناوپێکەوەژیانی سەرجەم خەڵکی و کلتورەکاندا بەشێوەیەکی ئاشتی و یەکسان، بێگومان لێپرسراوییەکی قورس دەکەوێتە سەرشانی ئێمە. هەروەها داوادەکەم کە ئەرمەنییەکان و تورکومان و ئاشورییەکانیش لە بەرزبوونەوەی بڵێسەی ئەم ئاگرە سودمەند بن و سەربەرزانە ڕوناکیی خۆیان بەربکەوێت.**

**خەڵکی ڕێزداری تورکیا، پێویستە بزانن کە لەگەڵ کوردەکاندا نزیکەی هەزار ساڵ پێکەوە وەک برا ژیاون و ئەو ڕاستیەش ئاشکرایە، لەم برایەتیەشدا هیچ نارەزاییەک، دژایەتییەک بوونی نییە و ناشبی هەبێت."**

**"ئێستا سەردەمی پێکدادان و چاو مۆڕکردنەوە لە یەکتری نییە، بەڵکو سەردەمی باوەش بەیەکداکردن و یەکتری قوبوڵکردنە. ڕابردووی هاوبەشمان ئەم دۆخەی بۆ هێنباینە ئاراوە کە ئێستا تێیدا دەژین و، پێویستە داهاتوشمان پێکەوە بنیات بنێین، هەروەک چۆن لەساڵی ١٩٢٠دا پێکەوە پەرلەمانمان دروستکرد.**

**سەرجەم هاوڵاتییانی ماف خوارو، نوێنەری چین و کلتورەکان، چینی ئافرەتان کە کۆنترین چینی زوڵم لێکراو و چەوساوەن، مەزهەبە**

کپکراوەکان و تەریقەت و سەرجەم چینە کلتورییەکانی دیکە و نوێنەری کرێکاران و هەموو ئەوانەی کە لە سیستەمی حوکومڕانیدا مافیان خوراوە، داوادەکەم کە لە سیستەمی نوێی دیموکراتی و تازەگەریدا بە زووترین کات ڕۆڵ و بوونیەتیان بۆدابین بکرێت.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا بەدوای سیستەمێکی تازەگەری و دیموکراتیدا دەگەڕێ کە لەگەڵ مێژووەکەیدا هاوتا بێت و ئەو پێداویستییانەی تێیدا بۆ دابین بکرێن کە هاوشێوەی ئاوونان گرنگن بۆ مرۆڤەکان و، ئەو کلتورە پێویستە جارێکی دی لەسەرجەم ئەنادۆڵ و مێزۆپۆتامیادا بنیاتبنرێتەوە.

لە نزیکترین کاتدا و لەچوارچێوەی ڕێکەوتنی نەتەوەیی (میساق میللی)دا تورک و کورد لەژێر سایەی جەنگی ئازادی نەتەوەییدا بەشێوەیەکی زیاتر و اقیعیانە ،تێکەڵوییەکی زیاتر وژیانێکی قوڵترپێکەوە ئەژین.

سەرەڕای هەموو ئەو زوڵم و هەڵە و ناتەواویانەی لە ٩٠ ساڵی ڕابردوودا بەرامبەرمان کراوە، جارێکی دی سەرجەم ئەو خەڵکەی کە لە تەنیشتامان وەستاوە و مەغدوور بووە و وێر انکاری گەورەی چەشتووە، بە ڕەچاوکردنی چین و توێژ و کلتورەکانییەوە هەوڵە ئەدەین دووبارە بنیادیان بنێینەوە و، داوا دەکەم تەواوی ئەم بەشانە بە یەکسانی و سەربەرزی و لەژێر سایەی ئازادی و دیموکراتیدا یەکبخرێن و بهێنرێنە ئاراوە.

داوا دەکەم، کوردەکان و تورکومان و ئاشوری عەرەب کە ئێستا بەهۆی شکاندنی ڕێکەوتنی نەتەوەیی (میساق میللی)یەوە و لەنێو جمهوریەتی عەرەبی عێراق و سوریادا ژیانیان لێ قەدەغەکراوە، پێکەوە – کۆنفرانسێکی پاڵپشتی کردن و ئاشتی- ببەستن لەسەر بنامای تاوتوێکردنی ڕاستیەکانی خۆیان و، گۆڕینەوی زانیاری و بڕیاردان.

لە مێژوی ئەم خاکەدا پەرە بە فراوانکردنی چەمکی (ئێمە) دراوە و، کۆتایی بە چەمکی بەرتەسک و بیرۆکەی تاکرەوەی (من) هێنراوە. بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بە ڕۆحی پێشینانەوە چەمکی (ئێمە) زیندوبکەینەوە و بیخەینە بواری پراکتیکەوە.

لەدژی ئەوانەی دەیانەوێت ئێمە پەرتەوازە ببین و شەڕبکەین، ئێمە یەک دەگرین، هەروەها دژی ئەوانەی خوازیارن ئێمە جیا ببینەوە، ئێمە دەبینە یەک.

ئەوانەی ڕۆحی سەردەم ناخوێننەوە، دەچنە نێو سەبەتەی خۆڵی مێژووەوە، ئەوانەی ڕێ لە ڕۆیشتنی ئاو دەگرن، بەرەو لێواری نەمان ڕادەکێشرێن.

هاوڵاتیانی ناوچەکە شایەتی هەڵهاتنی شەبەقێکی نوێ دەدەن. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە چیترلە شەرکردن و پێکدادان و پەرتەوازەبوون ماندووبوون، ئێستا لەڕەگەوە جارێکی ترلەدایک دەبنەوە، شان بەشانی یەکتر دەیانەوە هەڵبسنەوە سەرپێ.

ئەم نەورۆزە موژدەیەکی نوێیە بۆ هەمووومان.

ڕاستی نامەکانی حەزرەتی موسا وحەزرەتی عیسا وحەزرەتی موحەممەد، ئەمرۆ بە مزگێنی نوێوە دەچنەوە نێو ژیان، مرۆڤایەتی دەیەوێت لەدەستچووەکانی دووبارە بەدەتبێنێتەوە.بەکۆمەڵ ئینکاری لە ڕۆڵی ڕۆژئاوا ناکەین بۆ هێنانەدی شارستانیەتی نوێ.چاوڕونییەکانی بەردەممان، یەکسانی و سەربەرزی و بەهاکانی دیموکراتی دەهێنین و تێکەڵی بەهاکانی خۆمان، لەگەڵ ئەو شێواز جیهانییەی خۆمان بۆ بەرێوەچوونی ژیانی دەیکەین بەیەک و دووبارە دەیان ژێنینەوە.

ژێرخانی گفتوگۆ نوێیەکەمان بیرۆکە و ئایدیا و سیاسەتی دیموکراسییە و، حەملەیەکی گەورەی دیموکراتی لە دەسبەکاربووندایە.

سڵاوتان لێبێت ئەوانەی کە هێز دەبەخشنە ئەم پرۆسەیە، ئەوانەی هاوکاری چارەسەری دیموکراتی-ئاشتی دەکەن.

سڵاو لە برایەتی هاوڵاتیان، لەوانەی لەپێناو یەکسانی و سەربەرزی دیموکراتیدا بەرپرسیارێتییان گرتۆتە ئەستۆ.

بژی نەورۆز، بژی برایەتی هاوڵاتیان.

*گرتوخانەی ئیمرالی ٢١ی ئازاری ٢٠١٣*

*عەبدوڵا ئۆجەلا*


**المستخلص:**

سوف نتطرق في هذه الدراسة الموسومة ب(القضية الكوردية في تركيا خلال السنوات 2002 - 2016) الى موجز السياسات التركية المتبعة ضد الشعب الكوردي في هذه المنطقة مع تسليط الضوء على اهم المفاوضات المبرمة بين حزب العدالة والتنمية وحزب العمال الكوردستاني، هذا الاخير بصفته ممثل الكرد في شمال كوردستان، جاء هذا البحث من اربعة محاوركالاتي:

المحور الاول: تطرقنا فيه الى تاريخ القضية الكردية وخاصة القضية الكردية خلال السنوات من تسعينات القرن الماضي الى ما قبل استلام حزب العدالة والتنمية زمام السلطة، ولم نعد بالتاريخ الى ابعد من ذلك لكي لا نطيل بالحديث ونضطر الى ذكر تاريخ تأسيس تركيا واهم السياسات التي اتبعتها في التعامل مع الكرد.

المحور الثاني: حزب العدالة والتنمية والقضية الكردية، تناولنا في المحور الثاني العوامل التي ساعدت الى استلام حزب العدالة والتنمية زمام السلطة والقضية الكردية في ظل سلطتها.

المحور الثالث: وفيه سلطنا الضوء على اهم المفاوضات والمساعي التي اجريت لمعالجة القضية الكوردية، اخذين بعين الاعتبار التطرق الى كيفية هذه المساعي ودور اوجلان والشخصيات الاخرى بشكل اكاديمي دون تحيز.

المحور الرابع: حاولنا في هذا المحوران نسلط الضوء على اهم الاسباب التي ادت الى فشل المفاوضات وبدء مرحلة جديدة من الاشتباكات والاصطدامات ما بين الحكومة التركية وحزب العمال الكوردستاني.

واجهت هذه الدراسة صعوبات علمية يمكن حصر اهمها في غياب المصادر اللازمة وقصر الوقت وحساسية الاوضاع في شمال كردستان واستمرار الظرف الذي بدء منذ 2016، ورغم هذه الصعوبات الا اننا بذلنا ما في وسعنا لكي نوضح بعض الاحداث ونصوغها صياغة علمية وفق ما خططت من اجلها الدراسة.

وفي ختام هذه الدراسة تم التطرق الى اهم النتائج التي تم التوصل اليها مع ذكر قائمة بأهم المصادر المستخدمة لكتابة البحث.

**Abstract**

What we are discussing in this research in title of “Kurds Affair in Turkey between 2002 – 2016” is a summary of Turkish policy against Kurds in the area and the peace talks between AKP and PKK. This research consists of four topics as followings:

First topic: A historical view of Kurds affair as we mentioned before, we have discussed the Kurds affair during nineties until before AKP takes power. In order not to lengthen the research, we didn’t go back to the history of establishing Turkey, their policy, and their point of view against Kurds.

Second topics: Justice and Development Party and Kurds Affair. Within this topic, we have tried talk about AKP come to power and Kurds’ affair.

Third topic: we mentioned the peace talks to solve Kurds’ affair, and we have tried to discuss the methods peace talks academically and roles of Ocalan and other parties in this field.

Fourth topic: in this topic, we have attempted to discuss the reasons behind the peace talks failure and restart anther stage of war and clashes between Turkey and PKK.

Consequently, we faced some academic troubles since there was not enough references, time and sensibility of North Kurdistan situation, and the permanency of the situation started from 2016. Additionally, we have tried to discuss some of the events and rephrase them academically.

The consequence and references are mentioned at the end of the research.